GOLDEN BOOK

NOVEL

# CARMILLA

# کارمیلا



18+


شریدان لوفانو

وەرگێڕ:
ئارام عوسمان

# کـارمێلا

شریدان لوفانو

وەرگێڕ: ئارام عوسمان

GOLDEN BOOK

ناوی کتێب: کارمێلا
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: شێریدان لو فانو
وەرگێڕ: نارام عوسمان
پێداچوونەوە: سیروان سلێمان
دیزاین: هەرێم عوسمان
قەبارەی کتێب: ١٣سم*٢١سم
چاپ: چاپخانەی چوارچرا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢ز

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٨٠) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

کتێبخانەی **گۆڵدن بووک**
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Golden book ktebfroshe_warzer
Warzer Book Ktebfroshe_warzer

دەتوانن سەرجەم کتێبە دڵخوازەکانتان لەڕێگەی پەیجەکانی گۆڵدن بووکەوە داوا بکەن و بگاتە دەستتان.



## شریدان لوفانو

«جۆزیف تۆماس شریدان لوفانو» لە (٢٨ی ئابی ١٨١٤) لەدایکبووە، نووسەرێکی ئێرلەندییە، لە بواری چیرۆکی ترسێنەر و ڕۆمانی ئاڵۆز و خەیاڵی تۆقێنەر کە لە سەدەی نۆزدەدا بەربڵاو بوو، و ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە پەرەپێدانی ئەم جۆرەدا لە سەردەمی «ڤیکتۆری».

«شریدان لوفانو» بەوە وەسف دەکرێت کە وەك نووسەری ڕۆح و تارماییەکان پلەی یەکەمی بە ڕەهایی گرتووە.

هەروەك بووەتە باوکی ڕۆمانی خەیاڵی نامۆی بەریتانی، لەساڵی (١٨٧٣) و لە تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



## پێشەکی

رۆژێك پێم وترا:
«خۆزگە نیازەکانی دڵ دەخرانە ڕوو»...

چەندین جار بینیومە کە پێم وتراوە لەڕوی (کارمێلا)ی جوان، و (میلارکا) کە دڵ کۆتوبەند دەکات و هەناسەکان دادەگرێت بە گەرماییەك کە وێنەی نەبێت، تا دواجار بۆم ڕوون بووەوە کە هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوان جوانی و ئەو نهێنی و شاراواییانەی لەناو دەروونـدان؛ بەوپێیەی دەکرێت جوانی ببێتە -شەیتانی گەورە- و کەسیش پێی نەزانێت تاکو ماڵوێرانیی گەورە ڕوونەدات، کە لەوانەیە چەندین شاری دێرینی تێدا کوێر ببێتەوە و ببێتە وێرانە و کاولەیەك کە بۆ چەندین سەدە خەڵکی ترسیان هەبێت لەوەی بچنە ناوی.

سەرلەنوێ یادی خوێنمژەکان زیندووکرایەوە و ئەو گۆڕانەی لەژێر داروپەردووی ڕووخاوی قەڵا پەراوێزخراوەکاندا نێژرابوون، لە هەر چوار لاوە تەم دەورەی دابوو، و ترس لەئامێزی گرتبوو وەك ئەوەی منداڵی خۆی بێت...

(کارمێلا) دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بە درێژایی ژیان دەچێتە نێو یادەوەرییەوە؛ جارێك دەیبینێت شازادەیەکی خاوەن جوانیی بێوێنەیە، یان ئەو منداڵەیە کە بەهۆی نەرمونیانی و لەسەرخۆییەکەیەوە هەست ناکەیت بوونی هەیە، جارێکیش دەیبینێت شەیتانێکی فێڵبازە کە دێت و دەچێت و خەوت لێ تێکدەدات و لەسەر لاشەی کچە جوانەکان دەژی، و بەمەش دەیانخاتە ڕیزی ئەو مردووانەی بۆ هەتاهەتایە شوێنەواریان دەسڕێتەوە.

لە کۆتاییشدا هەریەك لە خوێنەر و وەرگێڕ هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژن، بەڵکو تەنانەت ئەو ڕەفانەی (کارمێلا) لەخۆ دەگرن وەك ئەوەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە لەخۆی گرتووە، بێئەوەی بە خوێن سور ببێت.

نووسینەکەی «شریدان لوفانو» نووسینێکی تەواو خودییە، ئەو لە سەرەتاوە بەرەو ئەوە دەڕوات ئەدیبێکی ڕاستەقینە بێت، نەك تەنها گێڕەرەوەیەکی چیرۆکی ترسناك، با باسی ئەوەش بکەین کە ئەو چیرۆکی نامۆ و هۆنراوەی سۆزداریشی نووسیوە کە شێوازێکی گوندنشینی بەسەریاندا زاڵە.

لە ساڵی (١٨١٤) لە «دبلن»، پایتەختی «ئێرلەندا» لەدایکبووە، کوڕی ڕاگرێکی کڵێسای پرۆتستانتیی ئێرلەندی بووە، هێشتا لە قۆناغی ناوەندیدا بوو دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی چیرۆك و هۆنراوە سەرەتاییەکانی لە هەندێك لە ڕۆژنامەکاندا، بەڵام هەمیشە بە ناوی خوازراوەوە.

ماوەیەك وەك پارێزەر کاری کردووە و لەو ڕێیەوە توانیی هاوسەرگیری لەگەڵ (سوزان) خۆشەویستەکەی بکات، دواتر دوو رۆمانی مێژوویی نووسی لەسەر ئەو شێوازەی (واڵتەر سکۆت) پێی ناسرابوو.

دەیتوانی لەسەر هەمان شێواز بەردەوام بێت ئەگەر سوزان-ی هاوسەری کۆچی نەکردایە..

لەماوەی ساڵانی دواتری دابڕانیدا لە ساڵی (١٨٦٣)دا پانزە رۆمانی دیکەی نووسی، کە زۆرێك لە چیرۆکەکانی ناویان کاریگەر بوون بە بیرمەندێکی سۆفیی سویدی بەناوی (سویدنبێرگ ١٦٨٨-١٧٧٢) کە فەلسەفەکەی لەسەر ئەوە بەند بوو کە هەرکەسێك یان هەر شتێکی ڕاستەقینە لەم جیهانەدا نزیکێکی ڕۆحیی هەیە، بەڵام بونەوەرە ماددییەکە لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەیەکی نزیکە رۆحییەکە.

لەگەڵ مردنی هاوسەرە گەنجەکەی، سەراپای جیهانی «شریدان» تاریك بوو، هیچی بۆ نەما ئەوە نەبێت لەناو کۆشکە گرانبەهاکەی لە دبلن خۆی دابڕێت لە خەڵکی، و بڕیاریدا ئەوەی لە ژیانی ماوە بۆ نووسین تەرخانی بکات، تەنیاییەکەی گۆڕی بۆ نووسینی دەقی پڕلە تارمایی و ترس لە جیهانەکەی دیکە...

بەمشێوەیە بوونەوەرەکانی ناو ئاوێنە بەهێزەوە لەنێو گێڕانەوە و چیرۆکەکانی «شریدان»دا ئامادەییان پەیداکرد، ئەو چیرۆکانەی دەنووسی کە کەشوهەوای شەوانەیان تێدایە، باسکردن بوون لە جیهانێکی پڕلە تارمایی و خوێنمژەکان.

ئـەو نـووسـەرە دابــڕاوە لە جیهان بەپێی نووسەرەوانی ژیاننامەکەی، سوربوو لەسەر ئەوەی لە شەودا و بەرلە خۆرهەڵاتن و بە پێنووسێکی ڕەساس لەسەر دەفتەرێکی کراوە کە لەسەر ئەژنۆکانی دایدەنا، بنووسێت. بە پشتبەستن بە ڕۆشنایی مۆمێك.

وەك دەگێڕدرێتەوە ئەو بەدرێژایی چەندین ساڵ تەنها بە شەودا نووسیویەتی، لە ترسی ئەوەی خەوتنی ببێتە هۆی پەیدابوونی تارماییەکان، ئەو لەچوارچێوەی ئەو کەشوهەوایەدا هەندێك لە بەهێزترین کارەکانی بەرهەمهێناوە، بێگومان لەوانەش ڕۆمانی (کارمێلا).

ڕەنگە سەرەکیترین تایبەتمەندی لە ڕۆمانی (کارمێلا) ئەوە بێت کە نووسەر سوربووە لەسەرئەوەی لاپەڕەکان بە هیچ کارتێکەرێك پڕنەکاتەوە کە هیچ زیادەڕەوییەك دروستبکات، کاروبار و ڕووداوەکان لێرەدا بەشێوەیەك ڕوودەدەن کە زۆر نزیکن لە سروشتییەوە، هیچ دەنگەدەنگ و ژاوەژاوێـك نییە، هەموو شتەکان بە هێمنی دەڕۆن، لە چەند ڕەنگێکدا کە دەکەونە نێوان سێبەر و ڕووناکییەوە، بەو پێیەی دراما ڕاستەقینەکە لەناو ئاگایی کەسایەتییەکاندا ڕوودەدات، بەتایبەت ئاگایی دوو کەسایەتییە سەرەکییەکە: «کارمێلا» و خاوەنی کۆشکەکە، یان باشتر بڵێین لەناو هەستەوەرییەکانیاندا، لێرەدا ئەو لایەنە هەستییە ئاڵۆزە دێتەبەرهەم کە باڵ دەکێشێت بەسەر ڕۆمانەکەدا، تا لەکۆتاییدا کارێك بدات بە دەستەوە کە بە سیانەیەکی بەناوبانگ دەناس[illegible]کردن، زاڵبوون، پیلانگێڕی).

کاتێکیش سینەما ئەم رۆمانەی «لوفانو»یان ئاشکرا کرد، لانیکەم سێ فیلمیان لێ بەرهەمهێنا کە گرنگترینیان (فامبایر - ۱۹۳۲)ی (کارل درایر)ی دانیمارکی، بەناوبانگترینیان (مردن چێژە - ۱۹٦۰)ی (رۆجیە فادیم)ی فەرەنسی، سێیەمیان و کەمتر گرنگەکەیان کە زیاتر لە رۆمانە سەرەکییەکەوە نزیکە (عاشقانی خوێنمژەکان - ۱۹۷۲)ی (روی وارد باکر)ە..

ئـەوەی جێی سەرنجە هەرسێ فیلمەکە، هەندێجار زیاد لە پێویست، زیاتر لەلایەنی سێکسیی رۆمانە بنەڕەتییەکەوە نزیکبوونەتەوە.

رۆمانەکەی «شریدان لوفانو» کاری کردە سەر (برام ستوکر) کە دواتـر (دراکـوڵا)ی نووسی، بەڵام «ستوکر» تاکە کەسی کارتێکراو نەبوو، بەڵکو کارەکەی «لوفانو» چەندین نووسەری گرنگی جوڵاند لە نموونەی (هێنری جیمس) و (ئیمیلی برونتی) کە جەختیان کردەوە تێڕوانین بۆ خوێنمژەکان لە ئەدەبدا بەتەواوی گۆڕاوە، بە جۆرێك کە بوەتە تێڕوانینێکی ڕۆمانسی بەدوور لە توندوتیژی بۆئەوەی زیاتر لەدەوری هەستەوەریی کەسەکان و خودبوونیدا بخولێتەوە..

(کارمێلا) لە دووایین ئەو رۆمانانە بوو کە «شریـدان» نووسیویەتی، کە دوای دوو ساڵ لە تەواوبوونی لە «دبلن» کۆچی دوایی کرد، واتا لە ساڵی (۱۸۷۳) لەکاتێکدا تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵ بوو.

وەرگێڕی عەرەبی




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## ترسێکی پێشوەختە

لە هەرێمی (ستیریا) - یان دڵی سـەوزی «نەمسا»؛ وەك ناودەبرێت، ئێمە لە قەڵایەك نیشتەجێین لەگەڵ ئەوەی بەهیچ جۆرێك لە خۆشگوزەرانەکان نیین، بەڵام کەمترین داهات لەم پارچە زەوییەدا خۆشگوزەرانیت بۆ دەستەبەر دەکات و هەشتسەد یان نۆسەد جونەی لە ساڵێکدا بەسە بۆئەوەی شتی سەرسوڕهێنەر بێتە ئاراوە.

تەنیاحاجی

باوکم بنەچەی بەریتانییە و لەوێش لەدایکبووە، هەروەها منیش ناوەکەم بەریتانییە لەگەڵ ئەوەی هەرگیز نەچوومەتە ئینگلتەرا، بەڵام هیچکات بەبیرمدا نەهاتووە کە چۆن بڕێك پارەی زیاتر خۆشگوزەرانیمان لەم پارچە زەوییە دابڕاو و سادەیەی جیهاندا زیاتر دەکات.

باوکم لەلای حکومەتی نەمسا کاری دەکرد، پاشان خانەنشین بوو و ئەم کەرتەی کڕی کە چەند موڵکێکی تێدا بوو، گرێبەستێکی ڕاستەقینە بوو، هیچ شتێك نەبوو هێندەی زەوییەکەی ئێمە جوان و دوورەدەسـت بێت. بەجۆرێك کە دەکەوتە شوێنێکی بەرزی جەنگەڵی و ڕێگاکەشی دێرین و تەسك بوو، کە بەبەردەم پردێکی جوڵاودا دەڕۆیشت کە چاڵێکی پڕلە ئاوی لەژێردا بوو و مراوییەکان مەلەیان تێدا دەکرد و سەوسەنی سپیش ڕووی سەرەوەی تەنیبوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشوو، قەڵاکە کە پەنجەرەی زۆری هەبوو و تەلارە گوتییەکان دەیانڕوانی بەسەر حەوشەیەکی فراوانی پڕلە دارستاندا، لە لای ڕاستیشەوە پردێکی گوتی شۆڕدەبووەوە بە ئاڕاستەی دەوەنەکاندا.

پێشتر پێمگوتیت ئەمە شوێنێکی نادیار بوو، پێویستە باوەڕم پێ بکەیت چونکە ئەگەر خۆت بە چاوەکانت سەیری ڕێگاکە بکەیت دەبینیت کە دارستانەکە پانزە میل بەرەو لای ڕاست درێژ دەبێتەو و دوانزە میلیش بەرەو باکور، نزیکترین گوندی ئاوەدان لێیانەو دەکەوتە دووریی حەوت میل بەرەو باکور و نزیکترین قەڵاش ... بەهایەکی مێژوویی هەبێت قەڵای (شبیلزدورف)ە کە بیست میـ لەلای ڕاستەوە دوورە.

گوتم (نزیکترین گوندی ئـاوەدان)؛ لەبەرئەوەی گوندێکی وێرانە هەیە کە سێ میل لە بەری خۆراواوە دوورە، کڵێسایەکی بچوکی تێدایە کە سەقفی نییە، هەروەك گۆڕی خێزانی (کارنشتاین) ی شیبووەوەی لێیە کە شوێنەواریان نەماوە و خاوەنی ئەو کۆشکە وێرانەیە بوون کە لەناو دارستانەکەوە بەسەر شارۆچکەکەدا دەڕوانێت. بەڵام لەبارەی هۆکاری چۆڵکردنی ئەو ناوچە شوومەوە ئەفسانەیەك هەیە کە دواتر بۆت باس دەکەم.

بێگومان دەبێت ئێستا باسی ئەو کەسانەت بۆ بکەم کە لەناو قەڵاکەدا لەگەڵماندا دەژیـن، لەگەڵ ئەوەی خزمەتکار و ئەو شوێنکەوتووانەی تر ناژمێرم کە لە بەشەکانی قەڵاکەدا دەژین، بۆیە بێدەنگبە و هەست بە سەرسامی بکە!

هەشت ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕوودانی چیرۆکەکەمدا، لەوکاتەدا تەمەنم نۆ ساڵان بوو، لەگەڵ باوکم دەژیم، ئەو باشترین مرۆڤی سەرزەوییە، بەڵام ئێستا پەکی کەوتووە و بەیەکەوە تەواوی نیشتەجێبووانی قەڵاکە پێکدەهێنین. دایکم لە بنەڕەتدا نەمسایی بوو، و کاتێك گیانی سپارد من منداڵێك بووم لە سەرەتای تەمەنمدا و لەژێر سایەی دایەنێکی باشدا پێگەیشتم کە بە درێژایی تەمەنی منداڵیم کاروباری منی گرتە ئەستۆ. بەجۆرێك کە یادم نییە ڕۆژێك ڕوخسارە نەرمونیانەکەی خەیاڵی منی وشك کردبێت، ئەو ناوی خاتوو (بیرودون) بوو، لەدایکبووی (بێرن) بوو، خۆشەویستی و دڵنەرمییەکەی لەدەستدانی دایکمی بۆ قەرەبوو کردبوومەوە کە لە بیرەوەریی مندا نەبوو.

خاتوو (بیرودون) کەسی سێیەمی سەر مێزی نانخواردنەکەمان بوو؛ کچێکی دیکەی لەگەڵدا بوو کە ناوی (دی لافۆنتین) بوو، ئەوەی کەپێیدەوترێت یاریدەدەری دایەن، کە بە پاراوی بە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی قسەی دەکرد، لەکاتێکدا من و باوکم ماوە ماوە بە ئینگلیزی قسەمان دەکرد بۆئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە کە ئەمەش شتێکی دروستکردبوو کە پێی دەوترێت (بورجی بابل)، کە بێگانەکان ڕاهاتبوون لەسەرئەوەی پێی پێبکەن. سێ کچ هەبوون کە لە تەمەنی مندا بوون، کە جارێك ئەوان سەردانیان دەکردین و جارێکی تریش من سەردانم دەکردنەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم من بەتەواوی تەنیا بووم. دوو دایەنەکەم بەردەوام ئاگادارم بوون، هەروەکو دەتوانیت مامەڵەکردنیان بخەملێنیت لەگەڵ کچێکی بەناز کە هەرشتێك حەزی لە کردنی بێت باوکی بۆی دەستەبەر

دەکات. یەکەم ڕووداو لە ژیانمدا کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر ژیان و لە دەروونمدا جێهێشت بەجۆرێك کە لە دەرەوەی سنووری بەرگەگرتن بوو، لەوانەیە ڕووداوێك بێت کە زۆر گوێی پێ نەدرێت، بەڵام وردە وردە گرنگییەکەیت بۆ دەردەکەوێت.

ژووری دایەنگا (وەك ئەو ناوەیان لێ نابوو)؛ ژوورێکی گەورە بوو کە تەنها بۆ من بوو، دەکەوتە بەشی سەرەوەی قەڵاکە و سەقفێکی چەماوەی هەبوو کە لە داربەڕوو دروستکرابوو، دەبێت لە تەمەنی شەشساڵیدا بووبم کاتێك لە خەو هەستام و چاوم بە ژوورەکەدا گێڕا و دایەنەکەم نەدی لە لامەوە، هیچ ترسم لێ نەنیشت لەبەرئەوەی لە بەختی باشم هیچ چیرۆکێکی تارماییەکانم نەبیستبوو، لەو چیرۆکانەی کە وادەکەن سەرمان بکەینەوە بە ژێر بەتانییەکەماندا کاتێك دەنگی جیڕەی دەرگاکە دێت یان تیشکی مۆمەکە دەلەرێتەوە و ستوونی سیسەمەکە وادەردەکەوێت کە بجوڵێتەوە، بەڵام بێتاقەت بووم بەهۆی ئەوەی هەستم بە فەرامۆشکرانم دەکرد و لە سەرسوڕماندا دەستم بە گریانێکی بەکوڵ کرد کاتێك ڕوخسارێکی جوانم بینی لە تەنیشت جێگای نووستنەکەوە بۆم دەڕوانێت، ڕوخساری کچێکی گەنج بوو کە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو و دەستەکانی لە ژێر بەتانیی سەر سیسەمەکەوە بوون، یاریی بە مووەکانی قژم کرد و پاشان لە تەنیشتمدا ڕاکشا و بۆلای خۆی ڕایکێشام. بە پێکەنینێکەو ... هێندەی نەبرد هەستم بە ئاسوودەیی کرد و چاوم چوو... بەڵام لەناکاو هاوارێکم لێ هەستا کاتێك هەستم کرد ... دوو دەرزی چووبن بە سنگمدا، لەو ساتەدا کە ئەمەش ...

کچە گەنجە لەسەرخۆ بگەڕێتەوە دواوە بێئەوەی چاوی لەسەرم لاببات و پاشان لەژێر سیسەمەکەوە خۆی شاردەوە.

بۆ یەکەمجار هەستم بە ترس کرد و بە هەموو هێزی خۆم هاوارم کرد، بەخێرایی دایەن و بەڕێوەبەری ماڵ و خاتوو (دی لافۆنتین) خۆیان کرد بـەژووردا و ئەوەی بەسەرم هاتبوو بۆم گێڕانەوە. بەڵام بە ڕاستیان نەزانی و هەوڵەکانیان بۆ کەمکردنەوەی ترسەکەم دەستپێکرد. هەرچەندە من بەهۆی ئەوەی منداڵێکی بچوك بووم زۆر تێنەدەگەیشتم، بەڵام هەستم دەکرد ڕەنگیان پەڕیوە لەو ترسە زۆرەی بۆیان دروستبوو، و بینیم بەدزییەوە سەیری ژێر سیسەمەکەمیان دەکرد و ژوورەکە و کانتۆری جلەکانیان دەپشکنی؛ پاشان بەڕێوەبەری ماڵەکە گوتی: (دەست لە جێگاکە بدە؛ هێشتا گەرمایی ماوە ئەمەش واتای ئەوەیە کەسێك لێرە پاڵکەوتووە!)

لەیادمە کە خاتوو (بیرودون) دەستی خستە سەر شانم و سیانەکەی تر پشکنینیان بۆ سنگم کرد و گوتیان هیچ نیشانەیەك نییە کە ڕاستیی ئەوەی بۆم گێڕانەوە بسەلمێنێت. سەرەڕای هەموو ئەوانەی ڕوویدا ئەو سێ ئافرەتە بە درێژایی ڕۆژ لەتەنیشتمدا مانەوە و لەو ڕووداوەشەوە بە نۆرە شەوانە بەدیارمەوە ئێشکیان دەگرت لە جێگاکەمدا تاکو تەمەنم بوو بە چواردە.

ئەوەی ڕوویدا منی کردە کەسێکی زۆر تووڕە، تا ئاستێك کە پێویستم بە بینینی پزیشك بوو، بەباشی ڕوخسارە بێتاقەتەکەیم لەیاد ماوە کە دڕکەو مێکوتە تاڕاددەیەك شێواندبووی، ئەو ڕۆژانە دەهات بۆئەوەی دەرمانەکانم پێبدات.

بەباشی لەیادمە کاتێك باوکم هات و لە تەنیشت جێگای نوستنەکەمەوە وەستاو دەستی خستە سەر شانم و بەخۆشحاڵی و بە دەم سوعبەتەوە لەگەڵ پەرستارەکە دەدوا، پاشان گوتی: «مەترسە، ئەوە تەنها خەونێکە و ناتوانێت ئازارت بدات»...

هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، لەبەرئەوەی دڵنیا بووم ئەو کچە گەنجە خەون نەبوو.

خاتوو (دی لافۆنتین) پێیگوتم ئەو بووە کە ئەو شەوە هاتووە و لەلامەوە خەوتووە، بەڵام من نەمتوانیوە ڕوخساری بناسمەوە، بەوهۆیەی لە خەوێکی قوڵدا بووم، بەڵام ئەوەی گوتی هیچ سەرنجمی ڕانەکێشا.

دوای ئەوە پیرێکی بەڕێز هات کە پۆشاکی قەشەی لەبەردا بوو، و لەگەڵ دوو دایەنەکە قسەی کرد و داوای لە من کرد دەستی بگرم بۆئەوەی نوێژ بکەین و لەدوایەوە بڵێم: «خودایە لەپێناوی یەسوع گوێ لە هەموو نزاکانمان بگرە»، پێموابێت لەوکاتەدا ئەوەی گوت چونکە من دواتر بە بەردەوامی بۆ چەندین ساڵ دەموتەوە، هەروەك دایەنەکەم داوای لێکردبووم؛ پاشان ئەو و سێ ئافرەتەکە چەمانەوە و بە دەنگێکی بەرز نوێژیان کرد، زۆرێك لە یادەوەرییەکانی دواترم لەیاد نەما، بەڵام ئەوەی ڕوویدا تا لە ژیاندا مابم لە بیرمدا دەمێنێتەوە.



## میوان

ئێستا دەستدەکەم بە ئاگادارکردنت لە سەیرترین شت کە دەیبیستیت، تەنانەت لەوانەیە باوەڕی تەواو بە ڕاستگۆییم نەکەیت، چونکە ئەوەی ڕوویدا دوورە لە هەڵبەستن، بەڵکو خۆم شایەتحاڵی بووم و بەچاوی خۆم ئەوەی ڕوویدا بینیم.

سەرەتای هاوینێکی پرشنگدار بوو، کاتێك باوکم حەزیکرد لەناو دارستانەکەی بەردەم قەڵاکەمان پیاسەیەك بکەین، پاشان گوتی:

تەنیاحاجی

«جەنەڕاڵ (شبیلزدورف) بەو خێراییەی من دەمەوێت ناگات».

چەند هەفتەیەك بوو بڕیار بوو بێت بۆ سەردانمان و چاوەڕێ بووین سبەینێ بگات. دەبوو کچی براکەی خاتوو (راینفلد) لەگەڵ خۆی بهێنێت، کە من هێشتا نەمبینیبوو. بەڵام وەکو دەوترا بەهۆی جوانییە لەڕاددەبەدەرەکەیەوە ژیریی لە سەردا نەدەهێشت؛ بەڵێنم بە خۆم دابوو کە کاتێکی جوانی لەگەڵدا ببەمە سەر، بەڵام هەستم بە بێهیواییەکی زۆر کرد کاتێك قسەکەی باوکم بیست، بەو پێیەی ئەو سەردانە ماوەیەکی زۆر بوو لە خەونەکانمدا مابووەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ بادا ڕۆیشت، پاشان پرسیم:

«کەواتە کەی دێت؟» بە گلەییەوە وەڵامی دایەوە:

«سورم لەسەرئەوەی کە بەرلە هاتنی پایز نایەت، واتا لە ئێستاوە تا نزیکەی دوو مانگی تر. بەڵام من زۆر دڵنیام کە هەرگیز ئەو هەلەت بۆ نارەخسێت کە خاتوو (راینفلد) بناسیت».

بە خێرایی وەڵامم دایەوە: «لەبەر چی»؟

باوکم گوتی:»چونکه ئەو گەنجە بەستەزمانە گیانی سپاردووە؛ نەمتوانی پێت بڵێم، چونکە کاتێك نامەکەی جەنەڕاڵم پێگەیشت ئەو ڕۆژە ئێمە بەیەکەوە نەبووین«.

شۆکێك دایگرتم کە جەستەمی تووشی لەرزین کرد، ڕاستە جەنەڕاڵ (شبیلزدورف) لە نامەیەکی پێشوویدا نزیکەی شەش هەفتە لەمەوبەر ئاماژەی بەوە دابوو کە بەو باشییە نییە کە ئاواتی بۆ دەخوازێت، بەڵام شتێکی وا نەبوو کە بیرمان بۆ ئەوە بچێت ڕووداوێکی خراپ ڕوودەدات.

باوکم دەستی درێژ کرد و نووسراوێکی پێدام، کە ئاماژەی ئەوە بوو ئەم نامەیە لەلایەن جەنەڕاڵ (شبیلزدورف)ەوە پێی گەیشتووە، دیار بوو کە بە شڵەژاوییەکی زۆرەوە نووسرابوو. لەسەر کورسیەك لەژێر سێبەری درەختی زەینەفونەکە دانیشتبووین و خۆریش بەرەو ئاوابوون دەچوو، و ئەو ڕووبارەی لەبەر دەمماندا بوو ڕەنگی ئەرخەوانیی ئاسمانی تێدا پەخش دەبووەوە.

نامەکەی جەنەڕاڵ لە هەندێك شوێندا زۆر توند دەبوو، هەندێجاریش دژیەك بوو بەجۆرێك من دوو جار لەبەردەمی باوکمدا بە دەنگێکی بەرز خوێندمەوە و تێگەیشتم کە ئەوەی ڕوویداوە عەقڵی لە سەری جەنەڕاڵ پەڕاندووە؛ ناوەڕۆکەکەی بەمشێوەیە بوو:

«ئەوەی خۆشمدەویست لەدەستم داوە.. نەمتوانی لە ڕۆژانی ڕابردوودا کە دوایین ساتەکانی (بیرتا)ی ئازیز بوو بۆت بنووسم، ە ا ی ەترسییەکەم نەدەزانی بەرلەوەی ڕووبدات و کاتێك لێی ە کار لە کار ترازابوو.. بە ئاشتی و بێبەرییانە کۆچی

کرد و شەیتان ناپاکیی لە میوانداریییەکەم کرد و کاری نەگریسی خۆی کرد؛ پێموابوو میوانداریی دڵخۆشی و بێتاوانی دەکەم وەك دوو هاوڕێی منداڵەکەم، بەڵام خوایە هاوار! سوپاس بۆ خودا کە ژیانی بەجێهێشت بێئەوەی هۆکاری دەرد و ئازارەکانی بزانێت. هەموو پاشماوەی ژیانی خۆم تەرخان دەکەم بۆ شوێنپێهەڵگرتنی ئەو شەیتانە و پێم وتراوە کە دەتوانم ئەو نیازەم بەدیبهێنم، بەڵام تروسکایی ڕوناکییەك نییە ڕێم نیشان بدات..

ناتوانم لە ئێستادا هەموو هێزی خۆم کۆبکەمەوە لەبەرئەوەی شپرز و پەشۆکاوی چاو و بیناییم، کاتی خۆم تەرخان دەکەم بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتەی لەوانەیە بمگەیەنێتە (ڤیەننا)، کاتێك بەئاگا دێمەوە و ئەگەر بە زیندوویی مامەوە لەماوەی دوو مانگی داهاتوو بەیەك دەگەین، تاکو ئەو شتەت پێ بڵێم کە ئێستا بوێریی نووسینیم نییە لەنێو ئەم وشانەمدا.. ماڵئاوا و لەپێناوی مندا نوێژ بکە هاوڕێی ئازیز».

بەم وشە مەتەڵ ئاسایانە کۆتایی بە نووسینەکەی هێنا، لەگەڵ ئەوەی من (بیرتا راینفلت)م هەرگیز نەبینیبوو، بەڵام چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسك. نامەکەم گەڕاندەوە بۆ باوکم و لەوکاتەدا خۆر ئاوا بووبوو و تاریکی باڵی کێشابوو بەسەرماندا.

ئێوارەیەکی پڕ ڕووداوی یەکلەدوای یەك بوو، و بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن. بـەدەم گفتوگۆکردن لەبارەی واتـای نامە سەیرەکە و میلێکی تەواو لە قەڵاکە دوورکەوتینەوە، لەکاتێکدا مانگ لەو شەوەدا دەدرەوشایەوە، پاش کەمێك چاومان بە خاتوو (بیرودون) و خاتوو (دی لافۆنتین) کەوت کە هاتبوونە دەرەوە بۆ

چێژوەرگرتن لە ڕۆشنایی مانگ.

ئەو شوێنەی پیایدا تێپەڕین ئێستا لەبەرچاوماندایە، ڕێگاکەمان دەبینی درێژ بووبووەوە بەرەو پردێکی داخراو، کە قەڵایەك لەبەردەمیدایە کە لە سەردەمی پێشوودا باشترین پاسەوانی هەبووە. گردێك لە پشت قەڵاکەوەیە کە بە دار و درەخت داپۆشراوە و کۆمەڵە بەردێکی لەسەرە کە لقی لاولاوەکان بەسەریدا درێژبوونەتەوە، هەرکات بارستەیەك تەم بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان وەك ئەوە وایە ئاسمانی بە چینێك لە هەور داپۆشیبێت، ڕووبارەکە وادەهاتە بەرچاومان وەك ئەوەی بەئاراستەی ڕووناکیی مانگ بچێت.

هیچ دیمەنێکم نەبینیوە هێندەی ئەمە جوان بووبێت، بەڵام دوای ئەو هەواڵەی کە بیستمان لەبەرچاومان بە خەم و خەفەت تەنرا، من و باوکیشم بە بێدەنگی چاومان بڕیبووە دیمەنەکە.

خاتوو (بیرودون) ئافرەتێکی توندوتۆڵ بوو لەناوەڕاستی تەمەنیدا؛ بەشێوەیەکی شاعیرانە بانگی دەکرد و قسەی دەکرد، لەکاتێکدا خاتوو (دی لافۆنتین) کە باوکی ئەڵمانی بوو زۆر گرنگیی بە جادو و جیهانە نەبینراوەکان دەدا؛ ئەفسانەیەکی دەگێڕایەوە کە دەیگوت کاتێك مانگ لە شوێنێك بەم بەهێزییە دەدرەوشێتەوە بەدڵنیاییەوە چالاکییەکی ڕۆحی باڵدەکێشێت بەسەر شوێنەکەدا و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دۆخی ژیری و خەوبینین دەبێت، هەروەك کاریگەرییەکی ماددیشی دەبێت لەسەر ژیانمان، پاشان گوتی ئامۆزایەکی هەیە کە لە کەشتییەکی بازرگانیدا کار دەکات، لە شەوێکی وەك ئەمشەودا لەسەر پشت ڕاکشابوو

سەیری ڕووناکیی مانگی دەکرد؛ لە خەونیدا بینیی پیاوێکی پیر هەردوو ڕومەتی ڕووشاندووە، کاتێك لە خەو هەستا بینیی شێوەی ڕوخساری شێواوە و هیچکات وەك خۆی لێ نەهاتەوە.

باوکم بە دوایدا گوتی:»من ئەمشەو هەست بە خەمۆکییەکی نیگەرانکەر دەکەم». ساتێك بێدەنگیی بەدوادا هات و دواتر هەندێك لە دەستەواژەکانی (شکسپیر)ی دەوتەوە کە پارێزەری زمانی دایکمان بوو، پاشان گوتی:

«بەڕاستی هۆکاری بێزارییەکەم نازانم، گومان دەبەم خەمێکی گەورە بە خێرایی بەرەوڕوومان دێت؛ پێموایە نامەکەی جەنەڕاڵ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەوڕووەوە».

لەوکاتەدا گوێمان لە دەنگی پێی ئەسپ بوو کە گالیسکەیەکی بەسەر ڕێگاکەدا ڕادەکێشا و یەکسەر دوو سوارمان بینی کە بەسەر پردەکەدا پەڕینەوە و گالیسکەیەکیش بەدوایانەوە بوو کە چوار ئەسپ ڕایاندەکێشا، پاشان لەدوای گالیسکەکەشەوە دوو سواری تر هەبوون.

تێگەیشتین کە کەسێکی خاوەن شکۆ لەناو گالیسکەکەدایە و بەسەرسامییەوە سەیرمان دەکـرد.. پاش ساتێك، دیمەنەکە کاریگەرتر بوو و هەرکە گالیسکەکە گەیشتە سەر چەماوەی پردەکە تووشی شڵەژان بوو و وەرگەڕا و هەموو ئەوانەی ترساند کە لەگەڵی بوون و سەرنشینەکان بەخێراییەکی زۆر بەرەو لای ئێمە هاتن؛ ئەوەی زیاتر دیمەنەکەی کاریگەر کردبوو ئەو قیژە مێینەییانە بوو کە لە پەنجەرەکانی گالیسکەکەوە دەهاتنە دەرەوە.

حەزی زانینمان وایکرد بەرەولایان بچین بە ترسێکەوە لەو دیمەنانەی هاتبوونە بەرچاومان، باوکم خۆڕاگر و بێدەنگ بوو، لەکاتێکدا ترسەکەمان لەبری خۆمان دەدوا. بەڵام ترسمان درێژەی نەکێشا، بەوپێیەی بینیمان لەسەر ڕێگاکە درەختێکی زەینەفونی گەورە کە بەرامبەر خاچێکی بەردینی زەبەلاح بوو ئەسپەکانی ترساندبوو و ڕۆیشتنیانی شڵەژاندبوو و لە ڕێـڕەوی خۆیان لایاندابوو، بەجۆرێك کە تایەکانی گالیسکەکە کێشابوویان بە ڕەگی درەختی زەینەفونەکەدا، بە خێرایی چاوم داخست، بۆئەوەی ئەو ڕووداوە نەبینم لەنێو هاتوهاواری دوو دایەنەکەدا.

ئەوەی لە دوای ئەو ساتە بینیم زۆر سەیر بوو؛ دوو سوارچاك لەسەر زەوی کەوتبوون لەبەردەم گالیسکەیەکی وەرگـەڕاودا کە کەوتبووە سەر تەنیشت و یەکێك لە تایەکانیشی پەڕیبوو. سوارچاکەکان پاشماوەکانیان دەتەکاند و لە تەنیشتیشەوە وەك دیاربوو خانمێکی بەڕێز و خاوەن دەسەڵات وەستابوو و دەستەکانی خستبووە ناو یەك، وا دیار بوو چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك، چونکە ماوە نا ماوەیەك دەستەسڕێکی بەرەو لای چاوی بەرزدەکردەوە، پاشان جەستەی خانمێکی بچکۆلەیان لەناو گالیسکەکە هێنایە دەرەوە کە پێدەچوو گیانی لەدەستدابێت.

باوکم لە تەنیشت خانمەکە وەستابوو و کڵاوەکەی بەدەستییەوە بوو وەك ئەوەی بیەوێت پێشنیازی یارمەتیی بۆ بکات، بەڵام خانمەکە سەرگەردان بوو و چاوەکانی لەسەر ئەو خانمە بچکۆلەیە بوون کە بردیانە کەنار چاڵێکەوە و وادیار بوو گوێی لەوە نەبوو کەپێی گوت.

پاش ماوەیەك لێی نزیكبوومەوە و بینیم تووشی شۆكێكی گەورە بووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە نەمردبوو، باوكم پەنجەكانی خستە سەر ملی بۆئەوەی لێدانی دڵی بگرێت و ئەو خانمەی دڵنیاكردەوە كە لە كۆتاییدا باسم كرد بەوەی دڵی بە هێواشی لێدەدات و ناڕێكوپێكە، بەڵام هەستی پێ دەكرێت. ڕاستەوخۆ دەستەكانی خانمەكە چوونەوە بەناو یەكدا و چاوی بڕییە ئاسمان وەك ئەوەی سوپاسی خۆی دەربڕێت، پاشان گەڕایەوە سەر سروشتە درامییەكەی خۆی كە پێدەچوو شێوازێكی ژیان بێت لەلای هەندێك كەس.

ئەو خانمە باڵایەكی بەرزی هەبوو وەك لقێكی بەرز، جوان و ڕوخسار گونجاو بوو و مەخمەلێكی ڕەشی لەبەردا بوو كاتێك گوێم لێبوو گوتی:

«دەبینیت من بۆ چارەڕەشی و ناڕەحەتی لەدایكبووم؟ ئەوەتا لە گەشتی مردن و ژیاندام، ئەگەر كاتژمێرێك لە كاتم لەدەست بدەم وەك ئەوە وایە هەموو شتێكم لەدەستدابێت، چیتر پارچەی جەرگم تا ماوەیەكی درێژ وەك خۆی لێ نایەتەوە، پێویستە بەجێی بهێڵم، چونكە من توانای بەرگەگرتنم نییە».

پاشان ڕووی قسەی كردە باوكم و گوتی: «گەورەم ماوەی چەندمان ماوە بۆ نزیكترین گوندی ئاوەدان لێرەوە؟ پێویستە لێرە جێیبهێڵم، تا سێ مانگی تر ناتوانم منداڵەكەم ببینم یان هەواڵی ببیستم».

باوكم بۆلای خۆم ڕاكێشا و چرپاندم بەگوێیدا:»بابە، پێی بڵێ با لەلای ئێمە بمێنێتەوە، زۆر باش دەبێت ئەگەر لێرە بمێنێتەوە».

باوکم بە دەنگێکی بیستراو گوتی:»ئەگەر ئەم خانمە بەڕێزە گەورەیی بنوێنێت بە جێهێشتنی کچەکەی لەژێر چاودێریی منداڵەکەم و دایەنەکەیدا و ڕێگای میوانداریکردنیم پێبدات تاکو جارێکی دیکە ڕێگای دەکەوێتەوە ئەم شوێنە، ئەوە گەورەییە لەلایەن ئەوەوە و دەبێتە مایەی خۆشحاڵیمان و بە وردییەکی زۆر چاودێریی دەکەین ئەگەر شەرەفی متمانەکردنمان پێ ببەخشێت لەوەدا«.


خانمەکە بە شڵەژانەوە وەڵامی دایەوە:»لەتوانامدا نییە گەورەم، ئەوە نیشانەیەکی بەڕێزی و بەخشندەیی ئێوەیە«.

باوکم گوتی:»بەڵکو ئەوە بەخشندەییەکە لەکاتی گونجاودا ڕووی تێ کردووین، کچەکەم تووشی بێهیوایی بوو بوو بەهۆی شکستهێنانی سەردانێکەوە بۆلامان کە خۆشحاڵییەکی زۆری بەناوچاوانەوە بوو و نزیکترین گوندی ئاوەدانیش لێرەوە زۆر دوورە و بۆ منداڵەکەت گونجاو نییە و ناتوانیت بیبەیت بۆ ئەو گەشتە بێ ئەوەی ژیانی بخەیتە مەترسییەوە«.

ئەو خانمە زۆر بەڕێز و تایبەت بوو و تا ئاستێك کە ئەو هەستەی لەلات دروستدەکرد کە خاوەنی پێگە و گرنگییەکی تایبەتە، ئەگەر چاو لە گالیسکە گرانبەهاکەی نەپۆشین. گالیسکەکە ڕاستکرایەوە و سەرلەنوێ بەسترایەوە بە ئەسپەکانەوە، لەوکاتەدا خانمەکە نیگایەکی بۆ بچکۆلەکەی کرد و پاشان ئاماژەیەکی بۆ باوکم کرد و بە ڕووخسارێکی یەکلابووەوە چرپەیەکی کرد و چەمییەوە و لێمان دوورکەوتەوە.

سەرسام بووم چونکە باوکم هەستی بە گۆڕانکارییەکانی نەکرد و حەزی زانین زۆری بۆ هێنام تا بزانم ئەو چرپە و قسەیەی لەماوەی سێ خولەکی تەواودا لەنێوانیاندا ڕوویدا چی بوو، پاشان چەند هەنگاوێك ڕۆیشت بەرەو ئەو شوێنەی بچکۆلەکەی تێدا ئۆقرەی گرتبوو، بەدەوریدا دەهات و دەچوو و دەیچرپاند بە گوێیدا وەك ئەوەی بە چەند وشەیەك پیرۆزی بکات و بەخێرایی ماچێکی کرد و بەرەو لای گالیسکەکەی ڕۆیشت.

هەردوو سوارەکە قامچییەکانیان بەرزکردەوە و ئەسپەکان بەخێرایی دەرچوون و ڕاستەوخۆ دوو سوارچاك بەشوێنیاندا کەوتنەڕێ.



## یادگارییەکانمان ئاڵوگۆڕ کرد

بەو شێوەیە چاومان لەسەر گالیسکەکە بوو تاکو لەناو دارستانەکاندا کە تەم داپۆشیبوون لەبەرچاو ونبوو، دەنگی پێی ئەسپەکان لەناو ئەو بێدەنگییە تاریکەدا بڵاوبوونەوە.

هیچ شتێکمان بۆ نەمایەوە کە بیسەلمێنێت ئەوەی ڕوویدا خەیاڵێك نەبووە جگە لەو کچەی کە دواجار توانیی بێتەوە هۆشی خۆی و چاوەکانی بکاتەوە. ڕاستەوخۆ ڕوویکردە ئەولا و نەمتوانی بەباشی ڕوخساری ببینم، پاشان گوێم لە دەنگێکی زۆر سازگار بوو کە حەزت بە بیستنی دەکرد گوتی:»کوا دایکم»؟

خاتوو (بیرودون) بەخێرایی وەڵامی دایەوە و کەمێك هێوری کردەوە تاکو ڕووداوەکەی کەوتەوە بیر کە نهێنییەکەی لەوەدا بوو کەسیان ئازاریان پێ نەگەیشت، کاتێکیش زانیی کە دایکی ڕۆیشتووە و جێیهێشتووە و تاکو سێ مانگی دیکە ناگەڕێتەوە بۆلای، دایە پڕمەی گریان و کارەکە بەمشێوەیەی لێهات. هەنگاوم نا بڕۆم بۆلای، لەوکاتەدا خاتوو (دی لا فۆنتین) قۆڵی گرتم و گوتی:

«نزیك مەبەرەوە، دەترسێت؛ هەموو کاتێك یەك کەسی بەسە».

لەوکاتەدا باوکم خزمەتکارێکی نارد و داوای لێکرد سواری ئەسپێك بێت و بڕوات بـەدوای پزیشکێکدا کە نزیکەی دوو فرسەخ لە قەڵاکەمانەوە دوور بوو، لەکاتێکدا خزمەتکارەکانی دیکە ژوورێکیان ئامادە کرد کە شایستەی خانمە گەنجەکە بێت.

ئەو شەوە لە ژووری دانیشتن بووین باسی ئەو ڕووداوەمان دەکرد کە ماوەیەك لەمەوبەر بەسەرماندا هات و لەوکاتەشدا میوانەکەمان چووبووە خەوێکی قوڵەوە؛ ژووری دانیشتنەکە زۆر فراوان بوو، بەجۆرێك چوار پەنجەرەی تێدا بوو کە دەیڕوانی بەسەر ئەو چاڵ و پردە هەڵواسراوە و دارستانەدا کە پێشتر باسم کرد، بەتەواوی بە داری بەڕوو ڕووپۆش کرابوو، کورسییەکانیش بە مەخمەلی سور داپۆشرابوون لەکاتێکدا دیوارەکان بە چنراوێك داپۆشرابوون کە بە چوارچێوەی زەردی ئاڵتونیی گەورە دەورەدرابوون. ئەوکات چامان خواردەوە، چونکە باوکم هەمیشە جەختی لە خواردنەوەی نیشتمانی دەکردەوە بە ڕێکوپێکی لەگەڵ قاوە و خواردنەوەکانی دیکە.

لەوکاتەدا خاتوو (بیرودون) گوتی:»چەند جوانە ئەو خانمە، جوانترین کەسە کە چاوەکانم بینیویەتی و لە تەمەنی تۆدایە، ئای چی بولبولێکە، سازگارترین دەنگی هەیە کە تا ئێستا بەر گوێم کەوتبێت«.

خاتوو (دی لا فۆنتین) پرسیی:»ئایا کەستان ژنێکی بینی کە لەناو گالیسکەکەدا بوو و لە شوێنی خۆی نەجولا، تەنانەت کاتێك گالیسکەکەشیان ڕێککردەوە؟ هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند و تەنها لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد«.

خێرا وەڵامان دایەوە:»نا، شتێکی لەوشێوەیەمان نەبینی«.

دەستیکرد بە وەسفکردنی شێوەی ژنەکە:»ڕوخسارێکی ناشیرینی هەبوو، پۆشاکێکی ڕەشی لەبەردابوو و پەڕۆیەکی دەوەوە پێچابوو، چاوەکانی گەورە و بریقەدار بوون و لە

سەیرکردن لە پەنجەرەکەوە نەدەبڕان، زیاتر لە شەیتانێکی شەڕەنگێز دەچوو».

دیسان گوتی:»ئەی شێوەی خزمەتکارە شەڕەنگێزەکەتان بینی کەواتە؟»

باوکم بەدەم ڕۆیشتنی بۆ جێگاکەی خۆی وەڵامی دایەوە:»بەڵێ، ئەوان ڕوخساریان ناشیرین بوو و سیمایەکی تاوانکاریان هەبوو، هیوادارم ئازاری ئەو خاتونە داماوە نەدەن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوان لێهاتوون».

بە کەمێك هیواوە وەڵامی دایەوە:»هیوادارم ئەم خاتونە بچوکە بەیانی هەموو ڕووداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوە».

باوکم وەڵامی دایەوە و زەردەخەنەیەکی ئاڵۆزی خستە سەر لێوی وەك ئەوەی زیاتر لەوەی دەریدەبڕێت بیشارێتەوە:»وانازانم بیکات».

پاش ماوەیەك، من و باوکم بەتەنها ماینەوە، پرسیارم لێکرد لەبارەی ئەو شتەی خانمەکە پێیگوت بەرلەوەی بڕوات، بەخێرایی وەڵامی دامەوە:

«ئەو خاتونە هەژارە هەستی بە جۆرێك لە شەرمەزاری کرد ئەگەر منداڵە بچکۆلەکەی لێرە بەجێبهێڵێت؛ چونکە ئەو خاتونە بچکۆلەیە کەسێتییەکی لاوازی هەیە، بەڵام هیچ نۆرەیەکی گوماناویی نییە و هیچ شتێکی بەخەیاڵدا نایەت کە بوونی نەبێت».

بە کەمێك گومانەوە وەڵامم دایەوە:»چەند نامۆیە وتەکەی، بەهیچ شێوەیەك پێویستی پێی نەبوو».

به گلەییەکەوە پێیگوتم:»ڕای تۆ هەرچییەك بێت لە ڕاستیی وتەکەی ئەو ناگۆڕێت، وتیشی کچەکەی بە فەڕەنسی قسە دەکات و یەك وشەش لەبارەی ڕاستییەکەیانەوە نالّێت؛ لە خودا دەپاڕێمەوە کە بە میوانداریکردن لێی بێعەقلّییەکم نەکردبێت«.

کەسێك لە شار ژیابێت چێژی ناسینی کەسێکی نوێ نازانێت لەم گۆشەگیرییەدا، من ئاواتەخوازی قسەکردن بووم لەگەڵ میوانەکەمان هەرکات پزیشك ڕێگای ئەوەم پێبدات.

پزیشك تاکو یەکی نیوەشەو نەهات، کە منیش ئەوکات نەمدەتوانی زیاتر بمێنمەوە، پێیگوتین دڵی ئاو ناخواتەوە لەبارەی دۆخی خاتونە گەنجەکەوە و ئەو تا ئێستا باشە و بە منی گوت هەرکات بمەوێت دەتوانم بیبینم، منیش داوام کرد هەرئێستا چاوم پێی بکەوێت، خزمەتکارەکە هاتەدەرەوە و گوتی ئەو ڕێگری ناکات، میوانەکەمان لەناو جوانترین ژووری قەڵاکەدا دەمایەوە، لەسەر ڕاخەرێکی گرانبەها، پارچە مەخمەلەکان چواردەوریان دابوو و تابلۆکان تەواوی شوێنەکەیان ڕازاندبووەوە، هەموو شوێنێکی سیسەمەکەی مۆمی لێ دانرابوو و بە جوانترین پۆشاکەوە دانیشتبوو بەجۆرێك جلێکی خەوتنی دروستکراو لە ئاوریشمی پاك جوانییەکەی داپۆشیبوو کە بە گوڵ ڕازێنرابووەوە.. بەڵام پێتان دەڵێم کە چی وایکرد لە سیسەمەکەی نزیك ببمەوە و بەخێرایی بگەڕێمەوە دواوە!

دڵنیا بووم لەوەی ئەو ڕوخسارەم بینی کە لە ڕۆژێکی تەمەنی منداڵیمدا هاتبوو بۆ لام.. کە ساڵانێکە لە بیرەوەریمدا ماوەتەوە و ترس دەخاتە دڵمەوە، هەمان ئەو ڕوخسارە بەڕێزە کە دەربڕینەکانی

پڕبوون لە خەم، بەڵام بەخێرایی لەنێو بێدەنگییەکی زاڵبوو بەسەر شوێنەکەدا، بە زەردەخەنەیەکی ناسك دەستپێشخەریی کرد.

ئەو خاتونە بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی:«ئەوە چی ڕێکەوتێکە! دوانزە ساڵ لەمەوبەر شەوێك لە خەونمدا ڕوخساری تۆم بینی و لەوکاتەوە هێشتا لە بیرەوەریمدا ماوە».

هەستێکی ترسان دایگرتم، بەڵام بەسەریدا زاڵبووم و وەڵامم دایەوە:«منیش دوانزە ساڵ لەمەوپێش ڕوخساری تۆم لە خەونێکی ڕاستەقینەدا بینی»!

زەردەخەنەکەی ناسکتر بوو، بەجۆرێك هەموو ئەو ترسەی دایگرتبووم ڕەوییەوە و هەستی دڵنیاییم بۆ گەڕایەوە، بۆیە بەخێرهاتنم کرد و پێمگوت کە چەندە خۆشحاڵم بە هاتنی. بە درێژایی قسەکردنم لەگەڵی دەستیم گرتبوو کە وایکرد چاوەکانی بگەشێنەوە و کوڵمەکانی شێوەی شەرمیان لێ بنیشێت؛ منیش بەهەمان شێوە شەرمن بووم، بەڵام هەڵوێستەکە وایکرد زمانم پاراو ببێت و بگرە وورەی زیاتری پێدام.

لە تەنیشتییەوە دانیشتم و پێیگوتم:

«دەبێت خەونەکەمت بۆ بگێڕمەوە، سەیرە کە بەو ڕوونییە یەکتر ببینین.. لە تەمەنی شەش ساڵیدا بووم کاتێك بەیانییەك لەخەو هەستام و خۆم لە ژوورێکدا بینییەوە کە تەواو جیاواز بوو لە ژوورەکەی خۆم؛ کانتۆری جل و پلیکانە و کورسیی تێدابوو و خێزانەکە کەسی لێنەمابوو جگە لە خۆم، بە سەرسامییەوە سەیری دەوروبـەرم کرد پاشان لەژێر جێگاکەوە خۆم کێشایە دەرەوە بۆئەوەی بەرەو پەنجەرەکە بڕۆم، بەڵام هەرکە هاتمەدەر لە

جێگاکەم گوێم لە دەنگی گریانێکی بەکوڵ بوو کە ناچاری کردم سەیری بکەم تا سەرچاوەکەی بزانم ئەوکات تۆم بینی، هەروەکو ئێستا کە دەتبینم؛ کچێکی جوان بە قژێکەوە کە ڕەنگی لە ڕەنگی تاڵەکانی تیشکی خۆر دەچوو و چاوەکانی کە هەروەك دەریایەکی بێگەردی زۆر شین بوون، باڵەکانم لە گەردنت ئاڵاند و چووینە خەوێکی قوڵەوە.. پاش ئەوە گوێم لە هاوارێك بوو کە وایکرد بەخێرایی هەستمەوە و خۆم فڕێبدەمە خوارەوە، بیربکەرەوە کە کاتێکیش لەخەو هەستام ئاگام لەخۆم نەمابوو، دووبارە خۆم لەسەر جێگاکەم بینییەوە، لەوکاتەوە ڕوخسارت لۆچەکانی مێشکمی جێنەهێشتووە)).

وەڵامم دایەوە:

«نازانم دەبێت کامان زیاتر لەویتر بترسێت، ئەگەر ناشیرین بوویتایە بەتەواوی دەتۆقیم، بەڵام جوانیی تۆش لەهی من کەمتر نەبوو و منیش هەر وەکو تۆ وابـووم، هەستدەکەم بەرلە دوانزە ساڵ چاومان بەیەکتر کەوتووە؛ هەر لە منداڵییەوە لە چارەنووسمان نووسراوە کە هاوڕێ بین، چونکە من هەرگیز هاوڕێم نەبووە ئایا دەکرێت بەوشێوەیە بین»؟

ڕوانینێکی بۆ کردم کە پڕبوو لە خۆشی و شادی، تێکەڵ بوو بە هەستێکی کەمەندکێشبوون بەرەولای، هەستم کرد ماندوویی بڕستی لێ بڕیوە بۆیە بەخێرایی ماڵئاواییم لێ کرد و ئارەزووی شەوێکی خۆشم بۆ خواست، پاشان بەخێرایی هاتمەدەرەوە و وتەی پزیشکەکەم بیرهێنایەوە کە داوای کردبوو ئەمشەو خزمەتکارێك لەلای بمێنێتەوە و پێموت کە بەدڵنیاییەوە دواتر ئەوەی پێ خۆش دەبێت.

پێیڕاگەیاندم ئەوە چاکەیەکی گەورەیە لە تۆوە و گوتی:

«من ناتوانم بخەوم کاتێك کەسێکی تر لەسەر جێگاکەم بێت، ڕاستە من لە دز دەترسم، جارێك دزەکان ماڵەکەمانیان بڕی و دوو خزمەتکاریش کوژران، هەربۆیە ڕاهاتووم لەسەرئەوەی شەوان دەرگای ژوورەکەم دابخەم و پێموابێت کلیلێکم بینی کە لە کێلونی دەرگاکەدا بوو».

لەباوەشی گرتم و چپاندی بە گوێمدا:

«شەوێکی شاد ئازیزەکەم، حەز ناکەم لێت جیاببمەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە سبەینێ یەکتری دەبینینەوە».

ســەرە جوانەکەی کرد بەژێر بەتانییەکەدا و چاوەکانی چاودێریی هەنگاوەکانمیان دەکرد، زۆر کاریگەر بووم بەو سۆزەی بۆ منی دەربڕی لەگەڵ ئەوەی شایستەی نەبووم.

بەیانیی ڕۆژی دواتر بەیەکگەیشتینەوە. جوانییەکەی وەك مانگی چواردەی پڕ بوو و هەردووکمان یادەوەرییەکەمان لەبیرچوو و زۆر پێکەنیین؛ ئەوە جوانترین شت بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان چاوەکانم بینیویەتی.

## ڕەفتارەکانی و پیاسەیەکی کورت

پێشتر پێمگوتن کە من شەیدای بووم، بەڵام هەندێك شت هەبوو کە سەرنجڕاکێش نەبوون بەلامەوە؛ ئەو زۆر درێژ بوو، جەستەی لاواز بوو و ڕەفتاری جوان بوو، بەڵام زۆر بەهێواشی و بە هەنگاوی قورس و تەمەڵانە دەڕۆیشت بەڕێدا، ڕوخسارێکی سافی بێ پەڵەی هەبوو لەگەڵ قژێك بە ڕەنگی خۆڵەمێش، کە بە تاڵی ئاڵتوون ڕازێنرابووەوە.

جارێك، لە ژوورەکەی خۆی دانیشت بە دەنگێکی سازگار و کز لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد کە وایکرد لە کونجکاویمدا بتەقم، خودایە! بریا هەموو شتێکم لەبارەیەوە بزانییایە؛ بەڵام ئەو خۆگر بوو و پێی خۆش نەبوو باسی خۆی بکات، یان لە شتێك کە پەیوەندیی بە ئەوەوە هەبێت، دان دەنێم بەوەی پەلەم کرد کاتێك ئامۆژگاریی خانمە پۆشاك مەخمەلییەکەم فەرامۆش کرد، بەڵام چی بکەم لەبەرامبەر ئەو کونجکاوییەم کە دانامرکێتەوە؟ کێشەی چییە ئەو شتەم پێبڵێت کە سووتاوم بۆ زانینی؟ من لەبەردەمیدا بەڵێنم پێ داوە کە هەرگیز لە ژیاندا هیچ نهێنییەکی ئاشکرا نەکەم!

زەردەخەنەیەکی ساردی هەبوو ئەگەر ئاماژە بێت بۆ شتێك، ئەوە ئاماژە بوو بۆ ڕەتکردنەوەی پێدانی تروسکاییەکی ڕووناکی کە بەهۆیەوە پەی بە ڕاستییەکانی ببەم؛ دەمەدەمێهان نەکرد لەبارەی ئەوەی ڕوویداوە، چونکە ئەوە بێنرخییە کە ناچاری بکەم شتێك بڵێت کە خۆی پێی خۆش نییە...

لە کۆتاییدا ڕێگای پێدام سێ شت لەبارەیەوە بزانم نەك زیاتر: ناوی (کارمێلا)یە، لە خێزانێکی دێرین و دەوڵەمەندە و ماڵەکەیان دەکەوێتە خۆرئاواوە، ئەوەی گوت بەبێ ئەوەی ناوی خێزانەکەی یان وڵاتی دایکیم پێبڵێت. پێموانییە هەرگیز بێزارم کردبێت، ڕێگرییەکەی جۆرێك لە خەمباریی تێدابوو، هەروەك متمانەکردنی بە من دەربڕی و گوتی:»خۆت ماندوو مەکە ئازیزەکەم، تەنها متمانەت پێم هەبێت».

جارێك دەمویست ئاماژەیەکی پێبڵێم و جارێکیش دەمویست پرسیاری لێبکەم، بەڵام وشەکانی وایکرد هەست بە ئاڵۆزییەکی بێپێشینە بکەم، هەروەك ماوە نا ماوەیەك باوەشی پێدا دەکردم و حەزم دەکرد خۆم لەدەستی دەرباز بکەم، بەڵام سودی نەبوو.

دەنگی هەروەکو سرود و گۆرانی سازگار بوو، هەرکات گوێم لە دەنگی بووایە خەوەنوچکە دایدەگرتم و بەرینەدەدام تاکو قۆڵەکانی لێم دووردەخستەوە، بە زمانێکی ڕوون ناتوانم هەستی خۆم دەرببڕم؛ لە یەك کاتدا هەست بە شتێك و پێچەوانەکەشی دەکەم! شەیدایم و دەیبوغزێنم، ئـارەزووی نزیکیی دەکەم و لەهەمانکاتیشدا هەست بە ڕق دەکەم بەرانبەری، باش لەبیرمە کاتێك دە ساڵ لەمەوبەر بەلایدا دەڕۆیشتم بەڵام شارەزای ناخی نەبووم و هێشتاش دەستەکانم دەلەرزن کاتێ باسی ڕووداوەکە دەکات؛ تەواو دڵنیام کە ڕووداوی بەیەکەوە بەستراو لە ژیانماندا هەیە کە پەیوەستن بە سۆزەوە، بەڵام لەنێو هەموو یادەوەرییەکانی دیکەدا لەبیردەچێتەوە.

دەستمی دەگرت و دەیگوت:»تۆ هی منیت، بۆ هەتاهەتایە دەبینە یەك»! پاشان دەچووە سەر جێگاکەی و منی بە لەرزینەوە جێدەهێشت و دەمپرسی:»ئایا ئێمە نزیکین لەیەك؟ مەبەستی چییە بەدیاریکراوی؟ هەرکات بەوشێوە نامۆیە قسە دەکەیت هەستدەکەم کەسێکی نامۆیت».

نەمتوانی وێنایەکی ڕوون بکێشم بۆ ئـەو ساتانە، ئایا خەڵەتاندنێکی پیسن؟ یان گڕی عەشقە؟

ئایا بەهۆی فەرامۆشکردنی لەلایەن دایکییەوە شێت بووە یان وادیارە یارییەکە لە یارییەکانی خۆحەشاردان کە لەوبارەیەوە لە کتێبێکی کۆندا خوێندوومەتەوە؟ ئایا دەکرێت کوڕێکی عاشق بێت لە بەرگی کچێکدا و لەڕێی ئەو خانمەوە هاتووە بۆ ئێرە؟ پرسیاری زۆر بیریان داگرتبووم، بەڵام ڕاستییەکە دەیپوکاندنەوە و من دڵنیا بووم لەوەی ئەو کچە، بەتەواوی وەکو کچان ڕەفتاری دەنواند، هەروەك ئەو لاشەی لاوازە کە ئەوەش بیری پیاوبوونی ڕەتدەکردەوە.

بەلای گوندنشینانی وەکو ئێمەوە ڕەفتارەکانی نامۆ بوون، دوای نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستا، جگە لە شوکولاتەی گەرم هیچی تری نەدەخوارد، پاشان بۆ پیاسەیەکی کورت دەچووینە دەرەوە؛ بەخێرایی ماندوو دەبوو و دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، یان لەسەر یەکێك لە کورسییەکان لەنێو درەختەکاندا دادەنیشت.

ئەو ماندووبوونە تەنها کاری لە جەستەی دەکـرد، بەڵام ئاوەزی هەمیشە هۆشیار بوو و زیرەکیی هەرگیز ماندوو نەدەبوو. ئێوا،، یەك ب بەکەوە دانیشتبوین تەرمی کچێکی گەنجیان بەلاماندا

تێپەڕکرد کە پێشتر چاوم پێیکەوتبوو، ئەو کچی یەکێك لە پاسەوانەکانی دارستانەکە بوو؛ بەڵام باوکە داماوەکەی لەدوای تەرمەکەوە دەڕۆیشت، دڵی بەتەواوی تێکشکابوو لەبەرئەوەی تاقانەی نازداری بوو. ڕێزی خۆم بۆ نواند و هەستامە سەر پێ و بەشداریی سرودی تایبەت بە تەرم ناشتنەکەم کرد، کە بەلامەوە زۆر سازگار و خۆش بوو، (کارمێلا) لە ڕەفتارەکەم توڕە بوو و بە جۆرێك لە توندوتیژی ویستی ڕێگریم لێ بکات و بە ساردییەکەوە پێیگوتم:»ئایا لە قێزەونیی ئەو ئاوازە تێناگەیت؟»

وەڵامم دایەوە:»بگرە زۆر ئاوازێکی خۆشیشە!»

کارەکەیم هەرگیز بەلاوە باش نەبوو و ترسام کەژاوەی تەرمەکە گوێیان لە گفتوگۆکانمان بووبێت، بە خێرایی گەڕامەوە سەر گۆرانی گوتنەکەم و (کارمێلا) گوتی:

«گوێچکەمت کون کرد، کێ پێیوتیت ئێمە لەسەر هەمان ئاینین؟ بەهیچ شێوەیەك سروتەکانی ئێوەم بەلاوە باش نییە، من زۆر ڕقم لە تەرمەکانە، هەمووان دەمرن درەنگ بێت یان زوو، هەموانیش لەوکاتەدا ئاسوودەتر دەبن!»

بەدوایدا گوتم:»دەزانیت ئەمڕۆ ئەو دەنێژرێت؟»

گوتی:»نا، گوێ بە جوتیارەکان نادەم و حەزیش ناکەم بزانم ئەو کێیە».

پێمگوت:»ئەو کچێکی داماوە، نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر تارماییەکی بینیوە، لەوکاتەشەوە لەگیانداندایە».

بەڕەقییەك [illegible] دایەوە کە پێشتر لێم نەبینیبوو:»باسی تا [illegible] وابکەیت خەوم دەزڕێت».

به نارەزاییەوە گوتم:»هیوادارم ئەوەی ڕوویدا پەتایەك نەبێت؛ ژنی بەخێوکەری بەرازەکانیش هەفتەی پێشوو گیانی سپارد، ئەو بڕوای وابوو کە شتێك دەستی ناوەتە قوڕگی کاتێك لە خەودا بووە و خەریکبووە بیخنکێنێت، باوکم گوتی ئەوە تەنها خەونێکە کە لەسەرەتای پەتاوە ڕوودەدات».

وەڵامی دایەوە و گۆڕانێکی ترسناك لە ڕووخساریدا بینرا:»لە بەختی باشمان ئەو مرد و گوێمانی پیس نەکرد بە سرووده ترسناکەکانی تەرم ناشتن، وەرە لە تەنیشتمەوە دابنیشە و بە توندی دەستم بگرە».

لەناکاو ڕووخساری سووربووەوە و لێوەکانی کۆکردەوە، پاشان کەوتە لەرزین، هەر وزەیەك لە جەستەیدا بوو کۆیکردەوە بۆ بەرگرتن لەو حاڵەتە نامۆیەی بەسەری هات. پاشان هاوارێکی بەرزی لەنێوانی لێوەکانییەوە دەرپەڕاند، پاش کەمێك وەك بڵێی نۆرەی هیستریاکەی تێپەڕیبێت، گوتی:

«ئەمەیە دەرەنجامی خنکانی مرۆڤ بە سرودی ناشتنی تەرم». ئەوە یەکەمجار بوو ببینم کە بەوشێوە نامۆیە هەڵسوکەوت بکات و لەوکاتەدا نیشانەی ئەو ماندوویەتییەم بینی کە دایکی پێشتر لەبارەیەوە دوا.

جارێك بەرامبەر پەنجەرەی ژووری دانیشتن وەستابووین، کاتێك بینیم لە حەوشەکەدا دەسوڕایەوە، بەلامەوە زۆر نامۆ نەبوو چونکە لە ساڵێکدا دوو جار سەردانی قەڵاکەی دەکرد، ئەو پشتی چەماوە و ڕوخسارێکی شێواوی هەبوو، کڵاوێکی نوك تیژی لەسەردا بوو و زەردەخەنەیەکی فراوان لەسەر لێوی

بوو کە کەڵبەکانی دەردەخست، چرایەکی ئەفسوناوی و دوو سندوقی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا؛ کە لە یەکێکیاندا بزنمژەیەك و ئەویتریش بوکەڵەی دێویکی ناشیرینی تێدا بوو کە لە بەشەکانی جەستەی مەیموون و توتی دروستی کردبوو، هەندێك شتیشی بە قایشەکەی پشتیدا شۆڕکردبووەوە کە بە درێژایی کات سەگەکەی پێویستی پێی بوو.

ئەو جادووگەرە لە ناوەڕاستی پردەکەدا ڕاوەستا، چەمایەوە و کڵاوەکەی دانا وەك ڕێزنواندنێك بۆ ئێمە، پاشان بە فەڕەنسی شتێکی گوت و کەمانچەیەکی دەرهێنا و دەستیکرد بە دەستلێدانی بۆئەوەی ناسکترین ئاوازەکانی پێ دەربکات، تەنانەت دەنگی پێکەنینەکانی من زاڵ بوو بەسەر دەنگی وەڕینی سەگەکەدا.

لە پەنجەرەکەمان نزیك بووەوە و هەندێك جادووی بۆ پێشنیاز کردین تاکو لێی بکڕین، کە دەیتوانی شەڕەنگێزیان لێ دووربخاتەوە، (کارمێلا) جادوویەکی کڕی و منیش هەروەها. دوای ئەوە، جادووگەرەکە بە سەرسامییەوە چاوی بڕییە ئێمە کە وایکرد هەست بکەم چاوە ڕەشەکانی توانیویانە بێنە ناو لەشمانەوە، وادیار بوو شتێك کونجکاویی ئەوی جوڵاندبوو و دواتر بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە دەستی کرد بەناو جانتا چەرمینەکەیدا کە هەندێك ئامرازی کانزایی ئاڵۆزی تێدا بوو؛ پاشان لەبەرخۆیەوە گوتی:»با خودا ئەو سەگە بباتـ»! پاشان ڕووی قسەی کردە من:

«خانمەکەم، من زۆر کار دەزانم لەوانەش چارەسەری ددان؛ ئەو میوانەت کە ماوەتەوە کەڵبەی درێژ و تیژی هەیە هەروەکو دەرزی، بەهۆی .وانینە تیژەکەمەوە بینیم، ئەگەر ئازاری دەدات

وەك من، بۆی دەچم ئەوا دەتوانم بە گیرە و پلایس بۆی چاك بکەم، بەدڵنیاییەوە ئەگەر سنووری خۆم نەبەزاندبێت و خانم ڕێگام بدات».

(کارمێلا) بە توڕەییەوە کشایەوە دواوە، دیار بوو کە یەکجار توڕە بوو و پاشان گوتی:

«چۆن دەتوانێت سوکایەتیم پێ بکات! باوکت لەکوێیە؟ ئەگەر باوکی من لێرە بوایە ئەو جادووگەرەی بە دارێکەوە دەبەستەوە و فەرمانی دەکرد دارکاریی بکەن و لە شوێنی ناونیشانی قەڵاکەماندا هەڵیدەواسی!» پاشان وردە وردە هێور بووەوە و توڕەییەکەی نیشتەوە.

ئێوارە کاتێك باوکم گەڕایەوە زۆر بێهیوا بوو و پێیگوتین کە حاڵەتێکی دیکەی مردن هەبووە کە تەواو هاوشێوەی ئەوەی پێشوو بووە، خوشکی جوتیارێك لە ناوچەکەی ئێمەدا نەخۆش کەوتووە و ئاشکرایە ئێستا گیان دەدات.

پاشان گوتی:

«پەتای ئەفسانەیە، هەموو ئەو مردنانە هۆکاری سروشتییان هەبووە، چونکە ئەو بەدبەختانە لەنێو خۆیاندا ئەفسانە بڵاودەکەنەوە، پاشان ترس دەکەوێتە دڵیانەوە و وێنای ترسناکیان بۆ دروستدەکات و بەوهۆیەشەوە دەمرن، بەهەرحاڵ ئێمە لەنێو دەستەکانی خوداین و هیچمان بەسەرنایەت ئەگەر خودا لەچارەمانی نەنووسیبێت، ئەو دروستیکردووین و ئاگاداریشمان دەبێت».

(کارمێلا) گوتی:

«دروستیکردووین؟! ئەو نەخۆشییەی تووشی جوتیارەکان دەبێت سەرچاوەکەی سروشتە، هەموو شتێك لە سروشتەوە دێت، هەرچی لە زەوی و ئاسماندایە بەپێی ڕێساکانی ئەو کاردەکەن».

باوکم بە گوێپێنەدان بە قسەکانی ئەو گوتی:»ئەمڕۆ پزیشکەکە دێت، و دەزانین ئەو بیرانەی لە مێشکیدایە چین».

(کارمێلا) نارەزایی دەربڕی و گوتی:

«پزیشکەکان هەرگیز کۆتوبەندیان نەکردووم، پێشتر نەخۆشییەکی زۆر سەختم هەبوو، بەڵام هەموو شتێکم لەبیر چووەوە جگە لە ئازار و لاوازبوون».

پاش ماوەیەك، کەمەری گرتم و ژوورەکەمان بەجێهێشت، لەکاتێکدا باوکم شەکەت بووبوو بە پێداچوونەوەی چەند کاغەزێکی سەر مێزەکەی، دواتر لە درەنگانێکی شەودا پزیشکەکە هات و ماوەیەك لەگەڵ باوکم کۆبووەوە، ئەو پزیشکێکی لێهاتوو بوو و لە دەیەی شەشەمی تەمەنیدا بوو، ڕوخساری تاشرابوو هەروەکو کولەکە؛ وادیار بوو باوکمی دڵنیاکردبووەوە بەوپێیەی لەدوای یەکتربینینەکەیان کاریگەریی دڵخۆشی لەسەر ڕوخساری دەرکەوتبوو.

پزیشکەکە گوتی:

«لەبیرت نەچێت گەورەم ژیان و مردن دوو بابەتی ئاڵۆزن و هیچ لەبارەیانەوە نازانین». پاشان بە چەند هەنگاوێکی هێواش ڕۆیشت، تێنەگەیشتم بەتەواوی مەبەستی چی بوو، بەڵام پێموایە ئێستا تێگەیشتووم...

## لەیەکچوونێکی نیگەرانکەر

لەوکاتەدا، ئەو کوڕەی وێنەکان پاك دەکاتەوە لەسەر گالیسکەیەك کە ئەسپێك ڕایدەکێشا و چەند سندوقێکی پڕلە وێنەی تێدا بوو، لە (گراتس)ەوە - کە ناوەندی کارگێڕیی هەرێمی (ستیریا)یە لە نەمسا- گەیشت، کاتێك سەردانیکەرێك لە (گراتس) ەوە دێت ئێمە لە هەرچوارلاوە دەوری دەدەین بۆئەوەی ئاگاداری تازەترین گۆڕانکارییەکان بین.

خزمەتکارەکان یەکەم پێشوازیکەر بوون بۆ ئەوەی لەکاتی خواردنی نانی ئێوارەدا هەواڵەکانی ئەوم پێبڵێن، دواتر کاتێك زۆر ماندووە بە هەڵواسینی وێنەکانەوە بەهۆی بڕەر و چەکوشەوە ئێمە چاومان پێی دەکەوێت، لەکاتێکدا باوکم لیستێکی پێیە کە ناوی ئەو وێنانەی تێدایە کە براون بۆ پاککردنەوە.

(کارمێلا) بە هێواشی چاودێریی دیمەنەکەی دەکرد، لەکاتێکدا وێنەکان یەك بەدوای یەکدا هەڵدەواسران؛ زۆرینەی وێنەکانی ناو قەڵاکەمان تایبەت بوون بە دایکە بەڕەگەز نەمسابیەکەم، وێنەکان جوان نەبوون هێندەی ئەوەی دێرین بوون بەجۆرێك کە هەندێکیانم نەدیبوو تاکو دوای پاککردنەوەیان بۆ یەکەمجار بینیمن، چونکە تەپوتۆز داپۆشیبوون.

باوکم گفتوگۆکانی ناو ئاوەزمی پچڕاند و گوتی:

«وێنەیەك هەیە تاکو ئێستا نەمدۆزیوەتەوە لەلایەکییەوە ناوی (مارشا کارنشتاین)ی لەسەر نووسراوە بە بەرواری ١٦٩٨».

نەمدەتوانی بەشێوەیەکی باش وێنەکە جیابکەمەوە، بەڵام لەیادمە کە وێنەیەکی چوارگۆشەی بێ چوارچێوە بوو و بە ڕەشایی داپۆشرابوو، هێندەی نەبرد پیاوەکە بە جۆرێك لە شانازیکردنەوە دەریکرد و نیشانی داین، ئاوەزی لە کەللەدا دەپەڕاند بگرە خۆی خودی جوانی بوو! بەڵام ئەوەی سەیر بوو لە بابەتەکەدا ئەو لەبەرگیراوەیەکی دیکەی (کارمێلا) بوو!

به سەرسامییەوە هاوارم کرد:

«(کارمێلا)! ئەوە پەرجووە، ئەی وانییە؟ ئەوەتا تۆ ئەو وێنەیە زیندوو دەکەیتەوە». دڵەڕاوکێم گەیشتە ئەوپەڕی، ئیتر چاوم بڕییە ئەو نیشانەیەی سەروو گەرووی! تاڕاددەیەك گوماناوی بوو.

باوکم پێکەنی و گوتی:»بەڕاستی ئـەوە لەیەکچوونێکی گوماناوییە».

داوام لێکرد لە ژوورەکەی مندا هەڵیبواسێت و بەخێرایی قبوڵی کرد، لەکاتێکدا (کارمێلا) هیچ گەرموگوڕییەکی نیشان نەدا کە جێی باس بێت، بەڵکو وادیاربوو هەر گوێی لەو قسەیە نەبووبێت کە ئێستا کردم، لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو و بەرەو لای من دەیڕوانی و زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی بە جۆرێك لە بێئاگاییەوە.

سەرلەنوێ ئـەو نـاوەم خوێندەوە کە لەسەر یەکێك لە تەنیشتەکانی وێنەکە نووسرابوو، خودایە! ئەوە (میرکالا)یە نەك (مارشا)!

د..کم (کونتیسە کارنشتاین) بوو واتە من لە وەچەی ئەو

(کارمێلا) گوتی:

«هەروەها منیش وەچەی (کارنشتاین)م، بەڵام ئەوە وەچەیەکە چەند سەدەیەکە لەناوچووە؛ مەبەستم ئەوەیە کە ئایا تا ئێستاش زیندوویان لەنێودا ماوە؟».

وەڵامم دایەوە:»نا، ئەوەندەی بزانم خێزانەکەی (کارنشتاین) لەمیانەی شەڕی ناوخۆدا تیاچوون و وێرانەی قەڵاکانیان سێ میل لێرەوە دوورە».

بە لەسەرخۆییەوە گوتی:

«نایابە، ڕووناکیی مانگ چەند جوانە، دەیبینیت؟ پێت چۆنە پیاسەیەك بکەین و سەیری وێنەدانەوەی ڕووناکییەکەی بکەین لەسەر ڕێگاکە و ئاوی ڕووبارەکە؟»

هیچ نارەزاییەکم نیشان نەدا و هەستامە سەرپێ و پاشان بە بێدەنگی کەوتینە ڕۆیشتن، شەوێك بوو هاوشێوەی ئەو شەوەی تیایدا (کارمێلا) هات بۆلامان.

(کارمێلا) چرپاندی بە گوێمدا و گوتی:

«شەوی هاتنەکەی منت لەبیرە؟ ئایا تۆ بەڕاستی دڵخۆشیت بەوە؟ ئەمە بەو واتایە دێت کە تۆ داوات کرد وێنەکە لە ژوورەکەی تۆ هەڵبواسرێت لەبەرئەوەی لە من دەچێت؟».

سەری خستە سەر شانم و منیش وەڵامم دایەوە:

«بەڵکو من زۆر ئاسوودەم بەوەی ڕوویدا، تۆ یەکجار بە هەست و سۆزیت؛ وابزانم تۆ لە عەشقێکی سروشبەخشدا دەژییت».

بە حەسرەتێکەوە گوتی:

«هەرگیز کەسم خۆشنەویستووە، ئەگەر کەسێکم خۆشبویستایە تۆ بوویت؛ تۆ لەناو مندا دەژییت و لەپێناوی مندا دەمریت لەبەرئەوە خۆشمدەوێیت!».

لێی کشامەوە و ناخم پڕبوو لە ترس، بە ڕوخسارێکی ڕەنگ پەڕیوی بێ دەربڕینەوە سەیری کردم و بە سەرسوڕمانێکی زۆر و ترسێکی زۆرترەوە لێم پرسی:

«وادیارە تۆ خەریکە ئاگاییت لەدەستدەدەیت، ئایا تۆ باشیت؟».

وەڵامی دامەوە:»بەڵێ، من باشم؛ با بەردەوام بین لە ڕۆیشتنمان و پاش کەمێك تەندروستیم دێتەوە سەر خۆی».

پێش ئەوەی بچینە ناو قەڵاکە پێی وتم:

«با دوا تەماشا بکەین، لەوانەیە نەتوانین جارێکی تر بەیەکەوە تەماشای ڕووناکیی مانگ بکەین».

ترس دایگرتم و خەمم بوو هەمان ئەو نەخۆشییەی گرتبێت کە شارۆچکەکەی گرتووەتەوە، ئەو شەوە تێپەڕی بە بێ شڵەژانی دیکە، جگە لە یەك شت کە جارێکی تر بەتەواوی بیرکردنەوەمی گۆڕی، وادیاربوو بێزارییە هەستپێکراوەکەی بگۆڕێت بە جۆرێك چالاکیی نوێی کاتی.

## نەخۆشییەکی شاراوە

پاش ماوەیەك لە ژووری دانیشتن کۆبووینەوە و لەگەڵ دایەنەکان قاوە و شوکولاتەی گەرممان دەخـــواردەوە. بەڵام (کارمێلا) بەشداریی نەکرد، وەك ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی بە هێمنی دادەنیشت، باوکم چوو لەلایەوە دانیشت و پرسیاری لێکرد لەبارەی ئەوەی کە ئایا هەواڵێکی بیستووە دایکی هاتنەکەی بۆ ئێرە دواخستبێت؛ ئەو بە نەرێ وەڵامی دایەوە.

باوکم لەبارەی ناونیشانێکی گونجاو کە لەڕێیەوە نووسراو بنێرین پرسیاری لێکرد، بە شپرزەیی وەڵامی دایەوە:

«ناتوانم وەڵام بدەمەوە، بەڵام من بەوردی بیرم لە ڕۆیشتن دەکردەوە؛ ئێوە زۆر باش و میواندۆستن و بمبوورن کە سەرئێشەی زۆرم بۆ دروستکردن، وابزانم باشترە سبەینێ گالیسکەیەك بگرم و بگەڕێم بەدوای دایکمدا، چونکە دەزانم دەبێ لەکوێ بیدۆزمەوە، بەڵام ناتوانم بە ئێوە بڵێم».

باوکم بە بێهیواییەکی ئاشکراوە وەڵامی دایەوە:

«پێویست ناکات شتێکی لەوشێوەیە بڵێیت، ڕێگا نادەم بڕۆیت لەژێر چاودێریی دایکتدا نەبێت کە گەورەیی نواند بە جێهێشتنی تۆ لەلامان تاکو دەگەڕێتەوە، ئاشکرایە ئەو پەتا نەزانراوە لە زیادبووندایە و خەریکە هەموو ئەم دەوروبـەرە دەگرێتەوە و منیش هەست بە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەم بەتایبەت لەگەڵ پێویستیی زۆرم بە ئامۆژگارییەکانی دایکت، بەڵام من ڕێگا نادەم بەبێ ڕێپێدانی ڕاستەوخۆی دایکت ئێرە بەجێبهێڵیت».

زەردەخەنەیەك كەوتە سەر ڕوخساری كە بە ڕەنگی شەرم ڕازێنرابووەوە و گوتی:

«هیچ ڕۆژێك هێندەی ئێرە لەناو قەڵا جوانەكەتان و هاوڕێیەتیی كچەكەتان هەستم بە بەختەوەریی لەڕادەبەدەر نەكردووە».

باوكم هەستایە سەر پێ و بە شكۆوە دەستەكانی ماچ كرد، دواتر هاوەڵیی (كارمێلا)م كرد بۆ ژوورەكەی وەك ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی و دەستیان كرد بە قسەكردن بەرلەوەی خەوی لێ بكەوێت.

پاش ماوەیەك، جێمهێشت و لەگەڵ خۆم دەدوام و پرسیارەكان لۆچەكانی مێشكمیان دەهاڕی، ئایا (كارمێلا)ش نوێژ دەكات وەكو ئێمە؟ هەرگیز نەمبینیوە كڕنوش ببات و بگرە نەمدیوە جێگای نووستنەكەی جێبهێڵێت تاكو ئێمە تەواو دەبین لە نوێژی بەیانی، هەرگیز گوێم لێ نەبووە باسی شتێك بكات كە پەیوەندیی بە ئایینەوە هەبێت ئەوەش زیاتر سەرسامی كردووم.

بڕوام وایە هەندێجار سروشتی كەسانی ئەوانیتر دەگوازرێتەوە بۆمان، من ڕەفتاری داخستنی ژوورەكەم بە شەودا وەرگرتووە و لە ئەوەوە فێر بووم بگەڕێم بەدوای خوێنڕێژێك كە خۆی حەشارداوە لەشوێنێكدا، پاشان لەبەر ڕووناكییەكی كزدا دەخەوم تاكو بەشێك لە حەوانەوەی دڵخوازم دەستبكەوێت، لەكاتێكدا مۆتەكان بەناو دیوارەكاندا دەڕۆن و گاڵتەیان بە قفڵەكان دێت.

ئەو شەوە خەونێكی ترسناكم بینی، دەمزانی لەسەر جێگاكەم و لەسەر سیسەمەكەمم بۆیە پێموانییە ئەوە مۆتەكە بووبێت، شتێكم بینی كە بە ڕەشایی داپۆشرابوو و لەلای قاچەكانمەوە دەجولا، لە ... زانی چییە پاشان زانیم كە وادیارە پشیلەیەكی ڕەشی

زەبەلاحە دەهات و دەچوو بە هەمان شێوەی ئەو دڵەڕاوکێیەی دڕندە زیندانیکراوەکانی ناو قەفەس هەیانە، بە تەواوی ترسابووم بەڵام نەمدەتوانی لە سامناکیی دیمەنەکەدا هاوار بکەم.

ورده ورده لێم نزیکدەبووەوە تاکو وایلێهات تەنها چاوەکانیم دەبینی، پاشان سەرکەوت بۆ سەر جێگاکەم و چاوەکانیشی خستبووە سەر ڕوخسارم و بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە هەستم کرد دوو نینۆکی تیژ سنگمیان بڕی.

لەناکاو لە دەنگی هاواری خۆم لە خەو هەستام، بەهۆی ڕووناکیی مۆمەکەوە بە خەیاڵ مێینەیەکم بینی کە لەبەردەم سیسەمەکەدا وەستابوو، بە ڕەنگی ڕەش داپـۆشرابـوو، قژی شانەکانی داپۆشیبوو، هەروەکو بەرد ڕەق وەستابوو، بێئەوەی بەڵگەیەك هەبێت کە هەناسە دەدات، پاشان وادیاربوو لە دەرگاکە نزیکبووەوە و بەناویدا تێپەڕی بێئەوەی بکرێتەوە، یەکەم شت کە بە بیرمدا هات ئەوەبوو کە (کارمێلا) دەیەوێت یاریم لەگەڵ بکات، بەڵام بیرکردنەوەکەم پوچەڵ بووەوە و کەوتە دەم با، کاتێك بینیم دەرگاکە وەك ئەوەی جێمهێشتبوو داخراوە، ترسێکی بەهێزم لێ نیشت و ڕوخسارم کرد بەژێر بەتانییەکەوە تاکو بەیانی.

## چەمانەوە

ئەوەی ڕوویدا و ئەو مۆتەکانەی بەدوایدا هاتن ترسێکی زووتێپەڕ نەبوون، بەڵکو تۆقینێك بوون کە لەگەڵ کاتدا گەشەیان دەکـرد، وادەردەکـەوت تەنها پەیوەست بوو بەو ژوورەوە کە تارماییەکەی تێدا دەرکەوت؛ هەوڵدان بۆ باسکردنی ئەو ترس و لەرزەی ئەو شەوە تووشم بوو بێسوودە.

نەموێرا دوای ئەوە باسی ئەوەی ڕۆحمی قورس کردبوو و لەسەر سنگم نیشتووە بۆ باوکم بکەم، بەڵام توانیم دوو دایەنەکەی لێ ئاگادار بکەم، خاتوو (بیرودون) ترسی لێ نیشت لەبارەی منەوە، لەکاتێکدا خاتوو (دی لا فۆنتین) پێکەنی و بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

«ڕاڕەوی نێوان درەختی زەینەفونەکان لەپشت پەنجەرەی ژوورەکەی (کارمێلا)وە ئاوەدانە».

خاتوو (بیرودون) بە توندی وەڵامی دایەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەو شتەی ئێستا وترا وادیارە وتەیەکی بەتاڵ نییە.

خاتوو (دی لا فۆنتین) بەدوایدا گوتی:

«بڕوام پێ بکە، (مارتین) ئەوەی وت؛ پێش بەرەبەیان هاتە بەردەم دەرگای حەوشە و ئەو تارماییە مێینەیەی بینی کەبەڕێگای نێوان درەختی زەینەفونەکاندا دەڕۆیشت، کاتێك ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە بینیبووی وەخت بوو گیانی دەردەچوو لە زۆریی ترسەکەی».

قسەکانم پێبڕین و گوتم:

«(کارمێلا) ئاگادار مەکە، ئەو لە من زیاتر دەترسێت».

پاش ماوەیەك (کارمێلا) هات و باسی ئەو مۆتەکەیەی گێڕایەوە کە شەو هاتبووە سەری و گوتی شتێکی زۆر ڕەشی بینیوە کە ویستوویەتی پەلاماری بدات، بەڵام ئەو پەناگرییەی بەکارهێناوە کە لە جادوگەرە پشت چەماوەکەی کڕیبوو و خستبوویە ژێر سەرینەکەیەوە، ئیتر بەخێرایی ئەوەی بینیبووی لەبەرچاو ون بوو.

پاش لەیادم نییە کە چۆن توانیم هێزی خۆم کۆبکەمەوە تاکو دوای ئەو ڕووداوە لە ژوورەکەمدا دووبارە بخەومەوە، بەڵام پەناگرییەکەم لە ژووری دانیشتنەوە هێنا و خستمە ژێر سەرینەکەم و خەوتم بەشێوەیەك کەپێشتر بەوشێوەیە نەخەوتووم.

شەوی دواتر بەبێ مۆتەکە تێپەڕی، بارودۆخی (کارمێلا)ش بەوشێوەیە بوو، بەڵام من بە دۆخێکی نامۆوە بەخەبەر هاتم، هەستم کرد خەمێك تەواوی جەستەمی گرتووە و خەفەت و بێتاقەتییەك لۆچەکانی مێشکمی داگیرکردووە، لەبارەی نهێنیی ئەو پەناگرییەوە پرسیارم لە (کارمێلا) کرد و پێیگوتم لە دەرمانێك هەڵکێشراوە کە لەوکاتەدا بۆ چارەسەرکردنی مەلاریا بەکاردەهێنرا، هەر تا و نەخۆشییەك بە مەلاریا دادەنرا و بێگومان منیش بڕوام وابوو کە ئەو مۆتەکانەی دەیانبینم دەرەنجامی ئەو نەخۆشییەن و منیش گوتم:

«بێگومان، ئەوە تەنها کار دەکاتە سەر جەستە، هەروەکو ڕێی تێناچێت کە شەیتانەکان لە پارچەیەك چەرم بترسن کە بۆنی دەرمانی لێبێت، ئەوەی ڕوویدا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە جادووەوە و هەموو شتێك دەکرێت لەڕێی سروشتەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت».

بەوشێوەیە، ئەو شەوانە ژمارەیان زۆرتر بوو کە تیایاندا بە قوڵی دەخەوتم و بەیانی بەو بێتاقەتییەوە بەخەبەر دەهاتم کە هەموو بەشەکانی گیانمی دەگرتەوە، و بۆنی مەرگم دەکرد کە وردە وردە لێم نزیکدەبووەوە، لەگەڵ ئەوەی بیرۆکەی ناشتنم لە چینی هەرە خوارەوەی دنیادا زۆر بەهێواشی زاڵ دەبوو بەسەرمدا، بەڵام لەکۆتاییدا قبوڵم کرد و ڕۆحم هەستی بە سازگارییەکەی کرد.

دوای ئەوە (کارمێلا) بەشێوەیەك خۆی لە من نزیکدەکردەوە کە بووە جێی سەرسوڕمانم، بەڕاستی کەوتبوومە ژێر دەسەڵاتی نامۆترین نەخۆشییەوە کە دەبێت کەسێك کە کۆتاییهاتووە ببینێت، لە سەرەتای کارەکەدا بەو هەستە تاقیکرامەوە پاشان زیاتر دەیترساندم و ماندووی دەکردم و زاڵتر دەبوو بەسەرمدا تاکو تەواوی ژیانمی بە ڕەشایی داپۆشی.

ئەو جۆرە خەوبینینە ئاڵۆزە ماوە نا ماوەیەك دەهاتەوە بۆ سەردانم و تەنها کەمێکیم لەیاد دەما، پاشان هەستم کرد کە من دەچەمێمەوە بەرەو چاڵی (ئەفیرنۆس) -چاڵێکی بێزارکەرە کە یۆنانییە کۆنەکان بە دەروازەیەکیان داناوە بۆ جیهانی خوارەوە، ئەمەش واتای ئەوە بوو کە من لە مردن نزیکم.

سێ هەفتە تێپەڕی بەسەر دارمانی دۆخی مندا و شێوەم دەربڕی ئەو نارەحەتییە بوو کە بەسەرم هاتبوو، چاوەکانم گەورە بوون و ڕەشایی دەوری دابوون وەك هەورێکی باراناوی دەوریان گرتبوو و چرچ و لۆچی جێگای خۆیان لەسەر ڕوخسارم کردەوە، بەجۆرێك کە باوکم پرسیاری دەکرد ئایا بارودۆخم باشە، منیش وەڵامم دەدایەوە کە وادیارە باشم تا ئێستا، جەستەم بەتەواوی

باش و سەلامەت بوو بەڵام خەیاڵەکان دەروونمیان قورس کردبوو و چاوەکانمیان ماندوو کردبوو؛ بڕوام وانییە ئەوەی تووشم بووە ئەو نەخۆشییە بێت کە جوتیارەکان ناویان لێ ناوە (ئۆبیر)، چونکە من ماوەی سێ هەفتەیە شەکەتم لەکاتێکدا ئەو نەخۆشییە ناهێڵێت تووشبووەکانی لە سێ شەو زیاتر بژین.

ئێستا باسی خەونێکتان بۆ دەکەم کە شەوێك بینیم و بۆ دۆزینەوەیەکی نامۆ پەلکێشی کردم:

گوێم لە دەنگێکی نەرم بوو کە بێدەنگیی شەوی دڕاند و تاریکییەکەی ڕەواندەوە، بەدەنگێکی ناخۆش کەپێشتر نەمبیستبوو پێیگوتم:

«دایکت ئاگادارت دەکاتەوە لە خوێنمژەکە».

پاشان ژوورەکە بەشێوەیەك ڕووناك بووەوە کە مایەی نیگەرانی بوو، (کارمێلا)م بینی بە جلە سپییەکانییەوە کە لە تەپڵی سەرییەوە هەتاکو بنی پێی لە خوێن هەڵکێشرابوو!

زۆر ترسام و بە هەموو هێزی خۆم قیژاندم، وامزانی کوژراوە، ئەوەی لەدوای ئەو ڕووداوەوە لەیادمە وەستانم لە حەوشە و بیستنی دەنگی خۆم بوو.

دوو دایەنەکە بەخێرایی گەیشتنە لام و چرایەکیان هەڵکرد و بەخێرایی زانییان کە شتێکی ترسناکم تووش بووە. سوور بووم لەسەرئەوەی لەدەرگای ژوورەکەی (کارمێلا) بدەم و ڕۆیشتین لێیاندا بەڵام سوودی نەبوو.

ترسەکەم زیادیکرد و هەستم کرد دڵەڕاوکێ هەموو کونیلەکانی پێستمی بڕی کاتێك زانیم دەرگای ژوورەکەی لەناوەوە داخراوە.

گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەی من و ترس دایگرتبووین لەوەی ڕوویدا و نەمانوێرا ئەو ڕاڕەوانە ببڕین کە دەیگەیاندین بە ژوورەکەی باوکم، پاش ماوەیەك خزمەتکارەکە هات و بەردەوام بووین لە بانگکردنی (کارمێلا) بەڵام هەوڵەکانمان بەبا چوون.

داوام لە پیاوەکان کرد قفڵەکە بشکێنن و ئەوانیش کردیان، هیچ شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلمان دەستنەکەوت لەوەی کە ڕوویدا، هەموو شتەکان هەر بەوشێوەیە ڕێکوپێك بوون کە دواهینجار بینیبووم، بەڵام (کارمێلا) دیارنەمابوو!




**Tanya Haji | تەنیاحاجی**

public channel

Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ

https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## پشکنینی ورد

ئـەوەی کەمێك ترسەکەمانی ڕەوانــدەوە ئەوە بوو کە ژوورەکـەی (کارمێلا) وەك خۆی وابوو، هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر نەهاتبوو، بە بیری خاتوو (دی لا فۆنتین)دا هات کە (کارمێلا) بەهۆی لێدانە بەردەوامەکانی دەرگاکەوە ترساوە و لەژێر سیسەمەکەوە یان لە پشت پەردەکەوە خۆی حەشار داوە؛ بەدڵنیاییەوە نەچووەتە دەرەوە بۆ هیچ شوێنێك ئەگەر گەورەی خزمەتکارەکان نەڕۆیشتبێت.

بڕوای تەواوم هەبوو کە (کارمێلا) لە ژوورەکەدا نییە، کاتێك بەردەوام بانگمان دەکرد و هیچ سوودێکی نەبوو؛ لە سەرەتادا وا گومانم برد کە یارییەکی بێنرخ دەکات و لێی پاڕامەوە کە دەستهەڵبگرێت و دڵمان ئاسوودە بکات کە ترسی تێدا ڕوواوە و لە زۆریی ترسدا سپی هەڵگەڕاوە.

بە سەرسامییەوە دەستمکرد بە پرسیارکردن لەبارەی ئاشکراکردنی ڕاڕەوێکی نهێنی لەلایەن (کارمێلا)وە لەو ڕاڕەوانەی کە دەوترێت قەڵاکەیان پڕکردووە؟ ئایا دەتوانین بە خێرایی ئەوە بدۆزینەوە؟

ماوەیەك بوو کاتژمێرەکە لێیدابوو و ئاماژەی بە هاتنی چواری دوای نیوەشەو دەکرد، دڵەڕاوکێ ئێسقانمی هاڕیبوو و گەیشتبووە سەر مۆخەکەم، بۆیە پێم باش بوو لە ژوورەکەی خاتوو (بیرودون) بمێنمەوە.

ڕۆژی دواتـر ترس تـەواوی قەڵاکەی تەنیبوویەوە وەك خەرمانەیەکی ڕەش باڵی کێشابێت بەسەر هەر لایەك لە لاکانیدا، پاشان باوکم دەستیکرد بە بیرکردنەوە لەوەی دەریاچەکە بگەڕێت و بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە دەیپرسی چی بەو دایکە داماوە بڵێت کاتێك دەگەڕێتەوە، پاش کەمێك؛ کاتێك زەنگی کاتژمێرەکە دەستی لە وەستان هەڵگرت و لەرییەوە و هاتنی یەکی نیوەڕۆی ئاشکرا کرد ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی (کارمێلا) و سەرم سوڕما کاتێك بینیم لەبەردەمی ئاوێنەکەدا دانیشتووە و باوەڕم بە چاوەکانم نەکرد، نیشانەی ترس لەسەر ڕوخساری نیشتبوو لەوکاتەدا؛ بە سەری پەنجەکانی ئاماژەی کرد تاکو لێی نزیك ببمەوە، بەخێرایی چووم بۆلای و باوەشم پێدا کرد، پاشان زەنگەکەم لێدا بۆ بانگکردنی باوکم.

لێم پرسی کە دوێنێ شەو لەکوێ بووە و پێمگوت هەموومان تووشی دڵەڕاوکێ بووین، گوتی شەوی سەرسوڕهێنەرەکان بوو!

داوام لێکرد ئەوەی بەسەری هاتووە بۆم شیبکاتەوە، پاش ماوەیەك باوکم و خزمەتکارەکان گەیشتنەجێ و لێشاوێك لە پرسیار و پیرۆزبایی بەسەر (کارمێلا)دا داباریـن، لەکاتێکدا ئەو هیچ شیکردنەوەیەکی نەبوو کە بیانوو بێت بۆ دیارنەمانەکەی و لە چەند وشەیەك زیاتر هیچی نەگوت کە تیایدا ڕوونیکردەوە ئەو خەوتووە و هیچ شتێك خەوە قورسەکەی تێکنەداوە، هیچ خەون و مۆتەکەیەکی ... نزارکەری نەدیوە؛ بەڵام کاتێك بەخەبەر هاتووە خۆی لەسـ ... ... بینیوەتەوە و بینیویەتی دەرگای ژوورەکەشی ... نیشاندا کە چۆن لەخەو هەڵنەستاوە

لەکاتێکدا کزەبایەك خەوی لێ تێکدەدات!

باوکم بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو لەکاتێکدا (کارمێلا) بە ڕوانینێکی بەردەوامی ڕەش چاوی تێبڕیبوو کە بووە هۆی ترساندنم، باوکم بردی بۆسەر قەنەفەکە و لە تەنیشتییەوە دانیشت، بە نەرمییەکی پاشا ئاسا داوای لێ کرد پرسیارێکی لێبکات و ئەویش ڕەزامەندیی نواند و گوتی:

«هەرچییەکت دەوێت بپرسە، کەس نییە زیاتر لە تۆ مافی پرسیارکردنی هەبێت؛ چیرۆکی من خودی تاریکییە و هیچی تر نازانم.. پرسیار بکە و ئەو سنورەت لەیاد بێت کە دایکم دا‌ینا».

باوکم وەڵامی دایەوە:

«بەدڵنیاییەوە خانمە ئازیزەکەم، پەنا بۆ بچوکترین شت نابەم کە بێزارت بکات، بەڵام ئەوەی شەوی ڕابردوو ڕوویدا سەیر بوو، سەیرترین شت لەوەدابوو کە تۆ لەسەر جێگاکەت گواسترایتەوە بەبێ ئەوەی بەخەبەر بێیت، لەگەڵ ئەوەی پەنجەرە و دەرگاکان بەتەواوی کلۆم کرابوون، من شیکردنەوەی خۆمت بۆ ڕووداوەکە پێدەڵێم، بەڵام پێویستە بەرلەوە پرسیارێکت لێبکەم».

(کارمێلا) بە لاوازی سەری دانەواند، لەکاتێکدا من و خاتوو (بیرودون) هەناسەمان لەسینەماندا قەتیس کردبوو.

باوکم گوتی:

«ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان پێت گوتراوە کە تۆ لەخەودا دەڕۆیت؟».

وەڵامی دایەوە کە لەتەمەنی منداڵیدا لەخەودا ڕۆیشتووە، دایەنە بەتەمەنەکەی ئەوەی پێ گوتووە، بەڵام لەوکاتەوە دووبارەی نەکردووەتەوە.

باوکم پێکەنی و گوتی:

«کەواتە زۆرباشە، ئەوەی ڕوویـداوە ئەوەیە؛ تۆ لەخەودا هەستاویت و ڕۆیشتوویت بۆ یەکێك لە بیست و پێنج ژوورەکەی ئەم نهۆمە و پاشان گەڕاویتەوە و سەرلەنوێ دەرگاکەت داخستووەتەوە... لێرە کانتۆری جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵی قورسی زۆری لێیە و پشکنینی قەڵاکەش هەفتەیەکی تەواوی پێویستە، ئایا لە مەبەستەکەم تێگەیشتیت؟».

وەڵامی دایەوە کە لەهەموو شتێك تێنەگەیشتووە و لەوکاتەدا بە پرسیارێك کە لەمێشکمدا دەخولایەوە قسەکانم پێ بڕی:

«باوکە چۆن شیکردنەوە بۆ بابەتی بوونی لەسەر قەنەفەکە دەکەیت لە ژووری نووستنەکەی کە زۆر بەوردی پشکنیمان؟».

وەڵامی دایەوە:

«دوای ئەوەی پشکنیومانە هاتووە بۆ ئەوێ بەخەوتوویی، پاشان هەڵستاوە و لە ئێمە زیاتر سەرسام بووە بەوەی بینیویەتی، هیوادارم هەموو مەتەڵەکان وەك مەتەڵەکەی تۆ ڕوون بن (کارمێلا)».

پاشان پێکەنی و گوتی:

«پێویستە ئێمە دڵخۆش بین بـەوەی بابەتەکە بەوشێوەیە تێپەڕی، و بێهۆشکردن و پەلاماردانی دەرگاکان یان تەنانەت دز و جادوگەرەکانیشی سەربار نەبوو، لەئێستا بەدواوە هیچ شتێك نامانترسێنێت و ئێمە باشین».

لەوکاتەدا (کارمێلا) لەوپەڕی جوانییدا بوو و هیچکاتێك چاوەکانم لەو جوانتریان نەبینیبوو، لاوازی زاڵ بوو بوو بەسەر

هەر بستێکی جەستەیدا، بەڵام جوانتری کردبوو و بڕوام وایە باوکم بەنهێنی بەراوردی نێوان جوانیی من و جوانیی ئەو دەکات، بەهەرحاڵ من ئاسوودە بووم لەبەرئەوەی ناڕەحەتییەکە کۆتاییهات و بەختەوەری هەموو شوێنێکی گرتەوە.

## پزیشکەکە

(کارمێلا) بەتەواوی بوونی خزمەتکارێکی لەگەڵی لەناو ژوورەکەدا ڕەتدەکردەوە، بۆیە باوکم داوای لە یەکێك لە خزمەتکارەکان کرد لە پشتی دەرگاکەیەوە بخەوێت بۆئەوەی چیتر نەتوانێت بەشەودا بڕوات.

ئەو شەوە بە هێمنییەکی بێ پێشینە تێپەڕی و تاڵە ئاڵتوونییەکانی تیشکی خۆر سەرلەنوێ وردە وردە دەستیانکرد بە ژیاندنەوەی دیوارەکانی قەڵاکە، بەڕاگەیاندنی هاتنی ئەو بەیانییەی کە هاتنی سەردانیکەرێکی لە دووتوێیدا حەشاردابوو کە باوکم پێشتر ئاگاداری نەکردبووم لەبارەی هاتنییەوە.

خاتوو (بیرودون) هاوەڵیی کردم بۆ کتێبخانە، سەردانیکەرەکەم کە پیری زەفەری بە قژی بردبوو و لە سپێتیدا وەك لۆکە وابوو لەوێ چاوەڕوانی من بوو. ئەو پزیشکی تایبەتی ناوچەکەمان بوو، چاویلکەیەکی لەچاودا بوو کە لێوەی چاوی تێدەبڕیم بە ڕوانینێك کە پڕبوون لە پرسیار و سەرسامی؛ دەستمکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکە بینراوەکەم و سیمای مەترسی و وردەکانی کەوتە سەر ڕوخساری، ئێمە لەبەردەم یەکێك لە پەنجەرەکاندا بەرامبەری یەك وەستابووین، لەوکاتەدا قسەکانم تەواوبوون و شانەکانی نووساند بە دیوارەکەوە و بە گرنگیپێدانێکەوە سەیریکردم کە ترس دایپۆشیبوو.

پاش کەمێك پزیشکەکە داوای لە خاتوو (بیرودون) کرد کە بییات بۆلای باوکم.

کاتێك داوای کرد باوکم هات و بە ڕووخۆشییەوە گوتی:

«پێشبینی دەکەم ئاستی بێعەقڵیی خۆمم پێبڵێیت بەهۆی ئەوەی بۆ شتێکی لەوشێوەیە بانگم کردوویت».

بەخێرایی زەردەخەنەکەی ڕەوییەوە کاتێك بە ڕوخسارێکی دوور لە گاڵتەکردنەوە بە سەری ئاماژەی بۆ کرد؛ لێیان جیابوونەوە و بۆماوەیەك بەیەکەوە قسەیان کرد، بەجۆرێك کە بۆم دەرکەوت بابەتەکە لەوپەڕی وردی و مەترسیدایە. من و خاتوو (بیرودون) دوور لەو ژووره فراوانە وەستابووین و گرمان گرتبوو بۆ زانینی ئەو بابەتەی تاووتوێی دەکەن، چونکە دەنگیان هێندە نزم بوو هیچ شتێکمان نەدەزانی، چرچبوونی ڕوخساری باوکم کە پێشبینی بوون بۆ ئەندازەی ترسەکەی و ڕۆچوونی لە گێژاوی بیرکردنەوەدا.

دواجار ڕووی لە پزیشکەکە وەرگێڕا و ڕووی قسەکانی کردە من و گوتی:

«ئازیزەکەم (لۆرا) وەرە بۆ ئێرە و بە خاتوو (بیرودون) بڵێ کە ئیتر پێویستمان پێی نییە».

بە هەنگاوی قورس کە لاوازی و سەرسامی پڕیان کردبوو لێی چوومە پێشەوە، بەڵام هەرگیز هەستم نەدەکرد کە من نەخۆشم.

باوکم بێئەوەی چاوی لەسەر پزیشکەکە لابدات گوتی:

« (لورا) ئازیزەکەم وەرە و لەبارەی یادەوەرییەکانتەوە قسە بۆ دکتۆر (سبیلبێرگ) بکە؛ نەتگوت ئەو شەوە دوو دەرزی خوار گەرووتیان بڕیوە کە تیایدا یەکەم مۆتەکە سەردانتی کرد؟ شوێنەوارەکەی ماوە؟».

[illegible] وەڵامم دایـەوە، پاشان پزیشکەکە داوای لێکردم

ئاماژە بۆ شوێنی دوو دەرزییەکە بکەم منیش ئاماژەم بۆ کەمێك خوار گەرووم کرد؛ ئەوکات داوای لە باوکم کرد جلەکانم لەبەر لاببات بۆئەوەی شوێنی بەرکەوتنەکە ببینێت، ئەویش بەگوێی کرد و دوو ئینج لە جلەکەمی تا خوار گەرووم لابرد و شتە لەناکاوەکە دەرکەوت!

دکتۆر (سبیلبێرگ) واقی وڕما لەوەی کە بینیی و بە زاراوەیەکی سەرکەوتووانەی پڕلە خەمەوە گوتی:

«ئێستا بە چاوی خۆت دەیبینیت! خودا پیرۆزم بکات، بابەتەکە هەر بەوشێوەیەیە».

ترس دایگرتم و پرسیارم کرد لەبارەی گفتوگۆکانیان، پزیشکەکە وەڵامی دامەوە و گوتی هیچ شتێك نییە جێی مەترسی بێت و ئەوەی بینیویەتی هیچ نییە جگە لە پەڵەیەکی شینبووەوە بەئەندازەی سەرەپەنجەیەك، پاشان ئاوڕی بۆ باوکم دایەوە و پرسیاری کرد لەبارەی ئەوەی پێویستە چی بکات بۆ ئەم بابەتە.

دوای ئەوە –خاتوو (بیرودون)- دایەنەکەمی بانگ کرد و پێیگوت:

«وەك دەبینم خاتوونی بچوك دوورە لە تەندروستیی باشەوە، ئەمە مەترسی دروست ناکات لەسەر ژیانی بەڵام پێویستە لەسەر تۆ ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بکەیت کە دەیانخەمە ئەستۆت و گرنگترینیشیان ئەوەیە نەهێڵیت خاتوو (لورا) بۆ ساتێکیش بەتەنیا بێت».

شەیدایی و دڵگەرمی سەرلەنوێ چرچەکانی ڕوخساری داگیر کرد و پەیوەستبوونی تەواوەتیی نواند بۆ ئەوانەی پزیشکەکە

گوتبووی، پاشان باوکم قسەکانی بڕی و داوای لە پزیشکەکە کرد بۆچوونی بزانێت لەبارەی خاتوو (کارمێلا)ی میوانیان کە هەمان ئەو نیشانانەی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر و بانگهێشتیشی کرد بۆئەوەی ئێوارە بەشداریی خوانەکەمان بکات، بۆئەوەی بتوانێت ببینێت. چونکە ئەو تاکو ئێوارە لەسەر جێگاکەی هەڵناستێت.

دکتۆر (سبیلبێرگ) سوپاسی باوکمی کرد و بەڵێنی پێدا کە ئێوارە کاتژمێر حەوتی تەواو بێت، پاشان بینیمان کە بەپێ بەسەر چاڵەکەدا پەڕینەوە و ڕۆیشتن هەروەك دیاربوو کە چووبوونە قوڵایی گفتوگۆیەکی زۆر گرنگەوە، پزیشکەکە چووە سەر پشتی ئەسپێك و بەرەو خۆرئاوا بە ئاڕاستەی دارستانەکە ڕۆیشت.

لەوکاتەدا پۆستەچییەکەم بینی کە لە (درینفلد)ەوە هاتبوو و نامەیەکی دەدا بە باوکم لەکاتێکدا من و خاتوو (بیرودون) زۆر ماندوو بووین بەوەی وتەکانی پزیشکەکە بخەمڵێنین، ئەو لەبارەی وتەکانییەوە بۆچوونی خۆی پێگوتم بەوەی کە ترساوە لەناکاو تووشی حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو ببم، بۆیە داوای لێکردووە چاودێریم بکات لەترسی ئەوەی شتێکم بەسەر بێت، یان ئازاری خۆم بدەم.

وتەکەیم بەدڵ نەبوو و دەستم کرد بە قایلکردنی خۆم تا بەزەییەکم بە دەروونی خۆمدا بێتەوە کە وردە وردە لەناوەوە بەهۆی دڵەڕاوکێی زۆرەوە خۆی دەخوات، بەوەی مەبەست لە قسەکانیان ڕێگریکردن بووە لێم تاکو خۆم ماندوو نەکەم بە ئەنجامدانی وەرزش یان بە خواردنی میوە بەرلەوەی پێبگات یان ئەنجامدانی هەر کارێك لە یەنجا کارە لەناوبەرەکە.

پاش تێپەڕینی نیو کاتژمێر، باوکم هات و نامەیەکی بەدەستەوە بوو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەلایەن (شبیلزدۆرف)ەوەیە، کە تیایدا باسی لەوە کردووە پێویست بووە شەوی ڕابردوو لێرە بووایە، بەڵام ئەمڕۆ یان سبەینێ دەگات.

نامەکەی دایە دەستی من، بەڵام وەك جارانی پێشوو دڵخۆش نەبوو کە میوانێکی ئازیزی وەك جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) سەردانی دەکات، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بوو، وای تێگەیشتم حەز بکات کە لەناو دەریای سوردا ژێرئاو بکەوێت بەرلەوەی بگاتە ئێرە؛ ئەوکات دڵنیابوومەوە کە باوکم نهێنییەکی حەشارداوە کە نایەوێت ئاشکرای بکات.

دەستەکانم خستە سەر دەستی و داوام لێ کرد بۆم شیبکاتەوە، دەستی هێنا بە قژمدا و گوتی:»لەوانەیە«.

پاشان بە وشکییەکەوە کە چاڵەکانی دەنگی پڕدەکردەوە گوتی:

«پزیشکەکە بڕوای وایە کە تۆ لەماوەی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژدا تەندروستیت باش دەبێتەوە ئەگەر هەموو ئامۆژگارییەکانی جێبەجێ بکەیت، ئاواتەخواز بووم لە دۆخێکی باشتردا بوویتایە کاتێك چاوت بە جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) دەکەوێت».

بە سەرسامییەوە پرسیارم لێ کرد لەوەی پزیشکەکە لەبارەی منەوە چیی گوتووە؟! بە ناڕەحەتییەکەوە وەڵامی دامەوە کە پێشتر نەمدیبوو بەوشێوەیە:

«هیچ نییە؛ پێویستە بە پرسیارکردن ماندووم نەکەیت».

هەستی کرد قسەکەی بەجۆرێك منی ناڕەحەت کرد بۆیە پەشیمانیی دەربڕی و ماچیکردم پاشان گوتی:

«لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو شتێك دەزانیت، خۆت بە پرسیارکردن ماندوو مەکە».

دوای ئەوە ژوورەکەی بەجێهێشت، بەڵام گەڕایەوە بەرلەوەی تووشی گەردەلوولێکی شێت لە سەرسامی ببم تاکو پێم بڵێت کە پێویستە من و خاتوو (بیرودون) هاودەمی بین بۆ کۆشکەکەی خێزانی (کارنشتاین)، بۆئەوەی چاوی بە قەشەی بەرپرس لە ناوچەکە بکەوێت. دواتر داوایکرد گالیسکەکە ئامادە بکەن و خاتوو (دی لا فۆنتین)ی ئاگادارکرد کە بەشوێن ئێمەدا بێن لەگەڵ (کارمێلا) دوای ئەوەی لە خەو هەڵدەستێت و ئەوەی بۆ سەیران پێویستە ئامادەی بکات، چونکە لە شوێنی پاشماوەی قەڵاکەی خێزانی (کارنشتاین) نانەکەمان دەخۆین.

من لە کاتژمێر دوانزەی تەواودا ئامادەبووم، لە گەشتەکەماندا بەرەو لای ڕاست بەڕێکەوتین بۆئەوەی پردەکە ببڕین پاشان بەرەو خۆرئاوا تاکو دەگەینە گوندە چۆڵکراوەکە و پاشماوەی قەڵاکەی (کارنشتاین).

جارجارە چاڵوچۆڵییەکانی ڕێگا لەسەر ڕۆیشتنەکەمان لایدەدایین، بەڵام هەرگیز چاوەکانم دیمەنی وا جوانیان نەبینیبوو، بەجۆرێك بینینەکانی دیل دەکرد و دڵەکانی دەڕفاند؛ پاشان بەشێوەیەکی لەناکاو چاومان بە جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) کەوت لە یەکێك لە یەکتربڕەکانی ڕێگاکە کە بەسەر ئەسپێکەوە بەرەو لای ئێمە دەهات و جانتاکانی لەناو گالیسکەیەکی کرێدا بەدوایەوە بوون.

جەنەراڵ دابەزی و هات بەرەو لامان و سڵاومان لە یەکتر کرد و هاتە ناو گالیسکەکەی ئێمەوە، پاشان ئەسپەکەیان لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا نارد بۆ قەڵاکە.

## بێبەشبوون

نزیکەی دە مانگ بوو یەکترمان نەبینیبوو، بەڵام وەك ئەوە وابوو چەند ساڵێك بێت، زیاتر لاواز بووبوو و خەمۆکی شوێنی ئەو هێمنییەی گرتبووەوە کە شێوەی ڕوخساریی پێ جیادەکرایەوە.

چاوەکانی کە وەك دەریاکان شین بوون و ناڕوونییەکەی ئێستا بریقەیەکی تیژیان هەبوو وەك چۆن تیشکی خۆرئاوابوون لەسەر ڕووی دەریا دەدرەوشێتەوە، دوو برۆی وەکو دوو پەڵە هەور دایانپۆشیبوو.

من دەمزانی ئەم گۆڕانە تەنها بەهۆی خەفەتەوە ڕوونادات، بەڵکو تورەبوونیش ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەیە لەوەدا.

بەشێوازە سەربازییەکەی کەپێی ڕاهاتبوو بە خەمباری بۆ کچە بچوکەکەی دەستیکرد بە قسەکردن، لەناکاو تورەیی گرتی و ئاماژەی بۆ شتێك کرد بەناوی (هونەرە شەیتانییەکان) کە بووە یارییەکی ئاسان بۆی، وەکو گڕکان تورەیی فڕێدەدایە دەرەوە و پرسیاری دەکرد لەبارەی ئارامگرتنی ئاسمان لەسەر ئەو ڕەفتارە شەڕەنگێزانە.

کونجکاویی باوکم تورەییەکەی زیاتر کرد کە وایکرد بەخێرایی تێبگات لەوەی شتێکی نامۆ ڕوویداوە، بۆیە پرسیاری ڕوونکردنەوەی لێ کرد -بێگومان ئەگەر قسەکردن لەبارەی بابەتەکەوە ئازاری نەدات- پرسیاری لێکرد لەبارەی ئەو زمانە تورەیەی قسەی پێ دەکات.

جەنەراڵ بە دوودڵییەوە وەڵامی دایەوە کە ڕێگریی نییە لە قسەکردن لەبارەیەوە، بەڵام چیرۆکەکەی زۆر لە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤەکان گەورەترە و بە گاڵتەوە بە باوکمی گوت:

«باوەڕ بە هیچی ناکەیت ئەوە نەبێت کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆت دەگونجێت، منیش لە سەرەتادا وەك تۆ بووم، پاشان ڕووداوەکە بردمی بەرەو ئەوەی ڕقم لە باوەڕپێکردن بێتەوە».

باوکم بە چاوێکی پڕ گومانەوە ڕوانییە جەنەراڵ (شبیلزدۆرف)، بە گومانێکەوە لە توانای ژیریی، -لە خۆشبەختیدا جەنەراڵ هەستی بەوە نەکرد- ئەو بە خەمۆکییەکی قوڵەوە بەرەو سنووری دارستانەکەی دەوروبەرمان دەیڕوانی؛ پاشان باوکم گوتی:

«بۆچوونم بەوشێوەیە نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، من تەواو دڵنیام کە تۆ باوەڕ بە هیچ شتێك ناکەیت کە بەڵگەیەکی بڕاوەی لەسەر نەبێت».

جەنەراڵ قسەکانی بە باوکم بڕی و پرسیاری کرد کەئایا ئێمە بەرەو وێرانەکەی خێزانی (کارنشتاین) دەچین؟ باوکم ئاماژەیەکی ئەرێی بۆ کرد، جەنەراڵ خۆشحاڵ بوو و گوتی: ئەوە ڕێکەوتێکی نایابە. ئەو دەیویست بچێت بۆ ئەو شوێنە بۆ پشکنینی و پرسیی ئایا ئەم وێرانەیە پێشتر کڵێسایەکی دێرین بووە کە گۆڕی خێزانە لەناوچووەکەشی لەخۆگرتووە؟

باوکم بە گاڵتەوە وەڵامی جەنەراڵی دایەوە:

«ئەوە نایابە، ئایا بەنیازیت داوای ئەو داروپەردووە ڕووخاوە بکەیتەوە»؟

جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) هیچ نیشانەیەکی لێ دەرنەکەوت کە

بەڵگە بێت لەسەرئەوەی گاڵتەی هاوڕێکەی بیستبێت، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە جددی دەرکەوت وەك ئەوەی شتێك بێزاری کردبێت و گوتی:

«هەندێك شتی نامۆ هەیە کە دەبێت دواتر پێت بڵێم، ئەوەی مەبەستمە لە بنەڕەتدا لە ڕزگارکردنی بێتاوانەکان لە شەڕەنگێزەکاندا کۆدەبێـتەوە؛ وادەکـەم زەوییەکەمان سەرلەنوێ هەناسەی ئاسوودەیی هەڵمژێت دوای ئەوەی چاکەیەکی لەگەڵ دەنوێنم بە ڕزگارکردنی لە وزە شەڕەنگێزەکان و کارێك دەکەم خەڵکی لەناو خێزانەکانیاندا بەبێ ترس بخەون».

باوکم بە گرنگیپێدانێکی زۆرەوە سەیری کرد و وەك ترسێك لەوەی ڕەنگە لە قسەکانیدا شتێك شاردرابێتەوە و گوتی:

«خێزانی (کارنشتاین) نزیکەی زیاتر لە سەد ساڵە لەناوچوون، ژنەکەی من لە نەوەی ئەوان بوو، بەڵام ئەو نازناوە نەماوە و تواوەتەوە؛ ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر بینینی سیمای ژیان لە قەڵاکەیاندا بەرلەوەش کە بڕوخێت».

فرمێسك لە چاوەکانی جەنەراڵی پیردا کۆبووەوە و بەهۆی زۆر درەوشانەوەی وەکو شەمعدانێك وابوو، بە شێوازێکی پچڕ پچڕ گوتی:

«سەرەڕای ئەوەی لە پشتی من نییە، بەڵام هەمیشە ئاگاداری بووم و چاوەکانم لەو جوانتریان نەبینیوە؛ ئێمە دوو هاوڕێی کۆنین و دەزانم خەمباریت بۆم؛ دەبێت بزانیت لەم دنیا بڕاوەیەدا هیچم بۆ نەماوەتەوە کەمێك نەبێت و تەنها ئەوەشم دەوێت خزمەتێك بە بەرەی مرۆڤایەتی بکەم، تۆڵەی خۆم لەوانە دەکەمەوە کە گیانی

ئەو کچەیان لە هەرەتی لاوێتیدا هەڵفڕاند».

باوکم بە داخێکەوە گوتی:

«ئای چەند کچێکی داماو بوو، دڵەکانی بۆخۆی کەمەندکێش دەکرد، تا ئاستێك نەمتوانی باوەڕ بەوەی ڕوویـداوە بکەم تا ئێستاش دەروونم بەئازارە بۆ ئەوەی بەسەری هات، خەریکە لە تامەزرۆییمدا گڕدەگرم بۆ بیستنی چیرۆکەکەی».

لەوکاتەدا ئێمە گەیشتبووینە خاڵی ڕێگای (دورنشتال) کە جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) لێوەی هاتبوو و لەو ڕێگایە جیادەبووەوە کە دەڕۆیشت بۆ وێرانەکەی (کارنشتاین)، پاش کەمێك، جەنەراڵ پرسیاری لەو ماوەیە کرد کە ماومانە بۆ گەیشتن بە قەڵاکە، باوکم وەڵامی دایەوە:

«نزیکەی نیو فرسەخ، ئێستا با گوێ بۆ چیرۆکەکەت بگرین کە لێهاتووانە تامەزرۆی بیستنیت کردووین»...

## چیرۆکەکە

دوای چەند ساتێك لە بێدەنگی جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) بە زەحمەت بیری خۆی کۆدەکردەوە، هەروەکو دەنکۆڵەی تەپوتۆز کە لە ڕۆژێکی گەردەلوولاویدا بەنێو دڕکەکاندا بڵاوبووبێتەوە، پاشان دەستیکرد بە گێڕانەوەی نامۆترین چیرۆك کە لە ژیانمدا بیستبێتم.

«لەگەڵ ئەوەی مندالە ئازیزەکەم تامەزرۆی ئەوە بوو بێتە سەردانتان، بەڵام لەوکاتەدا لە هاوڕێیەکی کۆنەوە بانگهێشتێکمان بۆ هات کە ناوی (کارلسفلد) بوو کە قەڵاکەی شەش فرسەخ لە قەڵای (کارنشتاین)ەوە دوور بوو، میوانداریيەکەی بۆمان هاوشێوەی میوانداریی پاشاکان وابوو، تەنانەت وەك ئەوە بوو کە چرایەکی ئەفسوناویی هەبێت و حەز و ئارەزووی هەرشتێکی هەبوو بۆی دەستەبەر بکات. خەفەتەکەم لەو شەوەوە دەستیپێکرد کە بانگهێشتی کردین بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگێکێك کە کەمترین شت لەبارەیەوە بوترێت ئەوەیە کە نایاب بوو؛ درەختەکان بە گڵۆپ ڕازێنرابوونەوە، هەروەك چۆن ئاسمان بە ئەستێرە ڕازاوەتەوە، لەگەڵ نمایشێکی جوانی يارییە ئاگرینەکان کە هەرگیز هاوشێوەیەم نەبینیوە و تەنانەت «پاریس» ڕۆژێـك شتی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو؛ بەڵام ئەوەی دڵمی کەمەندکێش کرد و وایکرد گیانم لە خۆشیدا سەما بکات جوانیی مۆسیقاکە بوو؛ بەجۆرێك بوو هەستم دەکرد سەرلەنوێ گەڕاومەتەوە بۆ هەرەتی گەنجێتیم، دوای

کۆتاییهاتنی یارییە ئاگرینەکان گەڕاینەوە بۆ ئەو هۆڵانەی کە بۆ سەماکردن تەرخان کرابوون؛ هاوار خودایە کۆبوونەوەیەکی چەند ئەرستۆکراتی بوو!

منداڵە ئازیزەکەم لەوپەڕی جوانیدا بوو، ئەو ماسکی بۆ ڕوخساری نەدەکرد، گەرموگوڕی و دڵخۆشییەکەی بە ڕوخسارییەوە دەرکەوتبوو و بووبووە فیتنەیەك کە دڵەکانی دیل دەکرد...

لەوکاتەدا چاوم چووە سەر کچێکی جوان کە وادیاربوو خاوەنی پلەوپایە بێت، بە گرنگییەکی زۆرەوە چاودێریی کچەکەمی دەکرد، لەو شەوەدا پێشتریش چاوم پێی کەوتبوو بەیاوەریی خاتوونێك کە ماسکێکی بەستبوو لەگەڵ پۆشاکێك کە دەریدەخست لە چینی ناسکۆڵەکانە، پاش ماوەیەك و لەکاتێکدا منداڵەکەم تاوێك چێژی لە سەماکردنی وەردەگـرت و تاوێکیش پشووی دەدا؛ ئەو دوو خاتونە لێی نزیکبوونەوە و یەکێکیان لە تەنیشتی مندا دانیشت و ئەویتریان کورسییەکی بۆلای خۆی ڕاکێشا و لەتەنیشتی منداڵەکەمەوە دانیشت، پاشان بەلای مندا نوشتایەوە و بانگیکردم وەك ئەوەی ماوەیەکی زۆر بێت من بناسێت، دەستیکرد بە گفتوگۆ، بەجۆرێك بە توندی کونجکاویی منی بزواند و باسی چەندین وێستگەی کرد کە تیایدا یەکترمان بینیوە، لە دادگا یان لە قەڵا بەناوبانگەکان تاکو زۆر حەزمکرد بزانم ئەو کێیە، بەڵام بە لێهاتووانە خۆی لە هەوڵەکانم دەرباز دەکرد، ئەو زۆری لەبارەی منەوە دەزانی، و چێژی وەردەگرت کاتێك منی لەناو گێژاودا دەبینییەوە.

ئەوەی زیاتر سەرسامی دەکردم ئەوە بوو کچە گەنجەکە لەگەڵ منداڵەکەم کەوتبووە قسەکردن و ناوی (میلارکا) بوو -ناوێکی سەیرە- ئەویش توانیبووی لەگەڵ منداڵەکەم تێکەڵ بێت لە زۆر گێڕانەوەدا؛ لەوانە هاوشێوەی گفتوگۆی ئەو خاتوونە بوو لەگەڵ مندا کە دەیگوت ماوەیەکی زۆرە دەیناسێت و سەیری شێواز و جوانیی پۆشاکەکەی دەکرد و بە خستنەڕووی هەندێك گاڵتەوگەپ دڵخۆشی دەکرد لەبارەی کەسانی دەوروبەرمان، بەهۆی زیرەکی و وریاییەکەیەوە توانیبووی ببێتە هاوڕێی کچەکەم.

دوای ئەوە ماسکەکەی دانا و جوانییەکی بێوێنەی هەبوو، پێشتر ڕوخساریم نەبینیبوو، منداڵە داماوەکەشم بەهەمان شێوە. بەڵام جوانییەکەی وایکردبوو کەمەندکێش نەبوون بۆلای مەحاڵ بێت، دەستمکرد بە ئاراستەکردنی هەندێك پرسیار لەو خانمە و گوتم:

لێهاتوو بوویت لە سەرسامکردنم، دەکرێت ئەو ماسکە لابەریت؟

وەڵامی دایەوە:

چۆن داوا لە خاتوونێك دەکەیت کە واز لە تایبەتمەندییەکی بهێنێت کە زیاتر سەرکەوتووی دەکات؟ کێ گوتوویەتی ئەگەر لامبرد تۆ دەمناسیتەوە؟ ساڵەکان زۆر شت دەگۆڕن.

پێکەنینێکی بێزارانەم کرد و پاشان گوتم پێویستە هەوڵی خۆم بدەم، چونکە شێوەی جەستەی وادەرناخات ژنێکی پیر بێت، و داوام لێکرد بە میهرەبانیی خۆی ماسکەکەی لابدات، ڕەتیکردەوە و گوتی:

چەند ساڵێك تێپەڕیوە بەسەر دوایین یەکتربینینماندا، (میلارکا) ی کچم بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە من تەمەنم کەم نییە؛ پاشان منیش میهرەبانیی تۆ دەخەمە پاڵ میهرەبانیی خۆم و داوات لێ دەکەم دەست لە ماسکەکە هەڵبگرە.

دواتر هەوڵمدا کە بزانم ئایا فەڕەنسییە یان ئەڵمانییە، چونکە بەباشی بە هەردوو زمانەکە قسەی دەکرد، وەك ئەوەی پێشتر ئامادەکرابێت؛ لەو ساتەدا پیاوێکی بەڕێز کە ڕەشی پۆشیبوو قسەکانی پێ بڕی، بەڵام ڕوخساری چرچ و لۆچیی زۆری تێدابوو هاوشێوەی ڕوخساری مردووەکان، بە ڕێز و نەرمییەوە چەمایەوە و پاشان گوتی:

دەخوازم ئەو خاتوونە بەشکۆیە ڕێگام پێبدات چەند وشەیەکی پێبڵێم کە زۆر گرنگە بۆی.

خاتوونەکە بە سەرسامییەوە سەیری کرد و ئەوەی ویستی جێبەجێی کرد، زۆر بەوردی قسەیان دەکرد، پاشان لەناو قەرەباڵغییەکەدا ونبوو و نەمزانی بۆ کوێ چوو.

پاشتر زۆر سەرم سوڕما و هەوڵمدا بزانم کێ بووە و بیرم کردەوە کە بچم بۆلای منداڵەکەم و ئەو کچە، وە پێویستە لەسەرم ناو و ناونیشانەکەی پەیدابکەم، بەڵام بەرلەوەی ئەو کارە بکەم خاتوونەکە گەڕایەوە و خزمەتکارەکە گوتی گالیسکەکەی لە دەرەوە ئامادەیە».




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## پاڕانەوە

خاتوونەکە داوای لێبوردنی لێکردم و گوتی کچەکەی لە ڕووداوێکی کەوتنەخوارەوە لە ئەسپ چاك بووەتەوە کە زۆر بەخراپی کاری لە مێشکی کردبوو، حەزم بە جیابوونەوە لێی نییە، بەڵام پێویستە گەشتێکی زۆر مەترسیدار بکەم یان وەك گوتی گەشتی (مردن و ژیان).

تاکە داواکاریی ئەوە بوو ئاگاداری کچەکەی بم، بەبێ باسکردنی هیچ وردەکارییەکی تر، لەوکاتەدا منداڵەکەم هات بۆلام و بەگوێمدا چرپاندی کە داوا لە (میلارکا) بکەم سەردانمان بکات؛ ئای لە گاڵتەجاڕیی چارەنووس!

من داوام لێ کرد ماوەیەکی تر چاوەڕێ بکات تاکو لانیکەم بیانناسین، بەڵام کاتی ئەوەم لەبەردەستدا نەبوو: کەمەندکێشی جوانییە سەرنجڕاکێشەکەی ئەو کچە گەنجە و ڕێزداریی بنەچەکەی بووبووم، لەبەرئەوە بەبێ وەستان قایل بووم بە مانەوەی.

خاتوونەکە ئاماژەیەکی بۆ کچەکەی کرد و پاشان ڕۆیشتن و قسەی بۆ کرد کە چۆن بارودۆخێکی ناچاری وایکردووە گەشت بکات و لەگەڵ ئێمە بمێنێتەوە و ئێمە لە ماوەی داهاتوودا چاودێریی دەکەین، پاشان لێی نزیکبووەوە تا چەند وشەیەکی بە چپە پێبڵێت کە ئێمە تێنەگەین و دوو ماچی لە ڕوومەتەکانی کرد، و بە دڵێکی پڕلە هەستەوە ڕۆیشت و پیاوە ڕوخسار چرچولۆچە ڕەشپۆشەکەش هاودەمیی دەکرد.

دوای ئەوە (میلارکا) داوای لێ کردین بڕۆینە ژوورەکەی تەنیشتمان تاکو مۆڵەتی ئەوەی هەبێت لەڕێی پەنجەرە گەورەکەی ئەوێوە ماڵئاوایی لە دایکی بکات، حەزەکەیمان جێبەجێ کرد و گالیسکەیەکی گرانبەهامان بینی کە خزمەتکار و پەیامهێنەکان دەورەیان دابوو، لەکاتێکدا پیاوە ڕەشپۆشەکە عەبایەکی مەخمەلی دەدا بەسەر شانی خاتوونەکەدا و چاکەتەکەی بەرزدەکردەوە بۆئەوەی سەری داپۆشێت، پاشان بە خێرایی گالیسکەکە لەبەرچاومان ون بوو. ئەوکاتە بۆ یەکەمجار زانیم چی بێئاوەزییەکم کردووە!

منداڵەکە دوای ئەوە ئاهێکی هەڵکێشا و خەم چاوە جوانەکانی پڕکرد و گوتی:

«دایکم هەرگیز سەیری نەکردووم».

منیش دڵخۆشیم دایەوە بەوەی دایکی نەیویستووە ڕوخساری ئاشکرا بکات و نەیزانیوە کە ئێمە لێرەدا وەستاوین بۆئەوەی ماڵئاوایی لێ بکەین. جوانییەکەی هێندە سەرسوڕهێنەر بوو کە پەشیمانیم دەربڕی لە مامەڵەی نەگونجاوم لەکاتی چاوپێکەوتنی و بڕیارمدا لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە قەرەبووی بکەمەوە.

پەیوەندیی (میلارکا) بە ئێمەوە زۆر توندوتۆڵ بوو بوو، چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوە لەبارەی ئەوانەی لە میوانخانەکەدا بینیمان؛ وتەکانی زۆر خۆش بوو، وردە وردە خەریکبوو پەلکێشی دەبووم و تێگەیشتم کە ژیان بۆ ئەو ئێوارە خەماوییانە دەگەڕێنێتەوە کە قەڵاکەمانی داپۆشیبوو.

ئاهەنگەکە تاکو دەرکەوتنی ئاسۆی بەرەبەیان کۆتایی نەهات، ئێمە لە هۆڵێکی قەرەباڵغدا بووین، کاتێك منداڵەکەم لەبارەی شوێنی (میلارکا)وە پرسیاری لێکردم، من پێموابوو بەیەکەوە بوون، بەڵام وادیاربوو ونمان کردبوو.

لەوکاتەدا ئاستی بێئاوەزیی ڕەفتارەکەم بۆ ڕوونبووەوە بە پێشوازیکردن لەو خاتوونە لەکاتێکدا هیچی لەبارەوە نازانم، ناوەکەی نەبێت. بەتایبەت لەدوای ئەوەی هەموو هەوڵەکانم شکستیان هێنا لە بەدەستهێنانی زانیارییەکانی، دەستمکرد بە خولانەوە لەناو بیرکردنەوەکانمدا کە پێویستی دەکرد لەسەرم پابەندی بەڵێنێك بم کە هۆکاری سووربوونم لەسەری نازانم یان تەنانەت پەیماندانم بەوەی چیتر پرسیاری لێ نەکەم، هەروەکو چۆن بێنرخییە پرسیار لە خەڵك بکەم لەبارەی ئەو خاتوونەی کەمێك پێش ئێستا دایکی ڕۆیشت.

زەنگی کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دواتر لێیدا و ئێمە هێشتا سەرمان لێ شێوابوو لەناو گێژاوی بیرکردنەوەماندا و نەماندەزانی پێویستە چی بکەین، پاش کەمێك خزمەتکارێك هات و گوتی خاتوونێکی بچکۆلە کە زۆر شڵەژاوە زۆر بە گەرموگوڕی داوایکردووە شوێنی من و کچەکەمی نیشان بدات و بریا ئەو کارەی نەکردایە!

بۆی گێڕاینەوە کە چۆن سەرکەوتوو نەبووە لە دۆزینەوەی ئێمە و تاکو بەیانی لە ژووری خاوەنیماڵەکەدا خەوتووە، وادیاربوو دوای ئاهەنگەکە زۆر ماندوو بوو، پاشان بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە و دڵخۆشبووم بە هاودەمیی تاکو گوڵەکانی سنگم کرانەوە و دڵخۆشی تەواوی گیانمانی گرتەوە.

## داربڕ

کارەکە بێ کەموکوڕی نەبوو، لە سەرەتاوە (میلارکا) سکاڵای لە لاوازییەکی توند دەکرد و هەرگیز بەرلە هاتنی ئێوارە لە ژوورەکەی نەهاتووەتە دەرەوە؛ سەرەڕای ئەوەی بەردەوام سوور بوو لەسەرئەوەی قفڵی ژوورەکەی لە ناوەوە کلۆم بکات و کلیلەکە بکاتە نێو کێلونەکەوە، هیچ گومانم نییە کە بەیانی زوو لەناو جێگاکەیدا نەبوو.

ڕوناکیی بەیانیان هەندێجار ڕێگای دەدا‌ین ببیینین کەبەنێو درەختەکاندا بە ئاراستەی خۆرهەڵات دەڕۆیشت و وادیاربوو بەتەواوی بیر و هۆشی لای خۆی نەبوو، کە ئەمە وایکرد پێموابێت ئەو بـەدەم خـەوەوە دەڕوات، بەڵام ئەوە مەتەڵی جێهێشتنی ژوورەکـەی ڕوون نەدەکردەوە کە کلیلەکەی لـەژوورەوە لەناو کێلونەکەدا بەجێدەهێشت.

لە نێوەندی ئەو سەرسامییەدا دڵەڕاوکێ دایگرتم، بەهۆی بابەتێکی زۆر گرنگترەوە ئەویش ئەوە بوو کە منداڵەکەم سات لەدوای سات بەشێوەیەکی پەنهان جوانی و تەندروستییەکەی لەدەستدەدا، تاکو وایلێهات ترس تەواوی دەروونمی گرتەوە.

لە سەرەتاوە مۆتەکەی ترسناك سەردانیان دەکرد و پاشان وەك بۆی باس دەکردم؛ جۆری دیکە سەردانیان دەکرد کە هەندێجار لە وێنەی (میلارکا)دا بوون و هەندێجاریش لە شێوەی شەیتانێکی

شەڕەنگێزدا کە بەدەوری جێگای نوستنەکەیدا دەسوڕایەوە، دوای ئەوە، هەندێك هەستی بۆ دروستدەبوو کە سروشتێکی تایبەتیان هەبوو هاوشێوەی ڕۆیشتنی جۆگەلەیەکی بەستوو بەناو سنگیدا. پاشان هەستی دەکرد دوو دەرزی سنگیان کوون دەکرد و ئازارێکی زۆری تێدا دروستدەبوو؛ پاشان هەناسەی توند دەبوو و بێهۆش دەبوو».

ئێمە لەوکاتەدا بە تەنیشت ڕێگای گوندی خێزانی (کارنشتاین) دا دەڕۆیشتین کە ماوەی نزیکەی نیو سەدە بوو هیچ جۆرە مرۆڤێکی تێدا نەژیابوو، کاتێك زۆر بەوردی گوێم بۆ وشەکانی جەنەراڵ گرتبوو، بەدڵنیاییەوە دەزانن کاتێك گوێم لەو چیرۆکە بووە چەندە سەرم سوڕماوە، بەتایبەتیش کاتێك باسی ئەو نیشانانەی کرد کە من لەم دواییانەدا پیایدا تێدەپەڕم، بەڵکو هەندێك ڕەفتاری باس کرد کە بەلای منەوە جگە لە (کارمێلا) لە هیچ کەسێکی تردا نییە.

پاش چەند ساتێك، خۆمان لەژێر سەقف و داروپەردووی گوندە چۆڵکراوەکەدا بینییەوە، کە بە درەختی زەبەلاح دەورە درابووین، لەوکاتەدا جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) کاتێك لە پەنجەرەیەکی گەورەوە بەرەو دارستانە درێژبووەکەی دەوروبەری گوندەکە دەیڕوانی گوتی:

«ئەو خێزانە بێزراوە لێرە دەژیان و لێرە ڕۆژانەی پڕلە خەڵتانی خوێنیان دەنووسییەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانی منە ئەوان تەنانەت دوای مردنیشیان بەردەوامن لە پیسکردنی ڕەگەزی مرۆیی بە ئارەزووە قیزەونەکانیان!».

پاش ئەوە ئاماژەی بۆ دیوارە زەبەلاحەکان کرد کە سەربە خانوویەك بوون کە دەکەوتە نێوان دارودرەختێکی چڕەوە، پاشان بەردەوام بوو لە قسەکانی:

«لەوێ، ئەوە کڵێسا تایبەتەکەی خێزانی (کارنشتاین) بوو، وادیارە لەوێدا داربڕێك سەرقاڵی داربڕینە، دەبێت زانیاریی وردمان پێبدات و لەوانەیە جوتیارەکان کلتوری مەزنی خێزانەکانیان پاراستبێت تەنانەت دوای ئەوەی بوونەتە ئێسکیش».

باوکم قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

«لە قەڵاکەمان وێنەیەکی (میلارکا)مان هەیە -کونتیسە کارنشتاین- حەز دەکەیت بیبینیت؟».

جەنەراڵ وەڵامی دایەوە:

«دواتر هاوڕێم، من باوەڕی تەواوم بە بینینی هەیە، ئەوەی بەڕاستیش پاڵی پێوە نام بۆ هاتنم ئەوە بوو حەزم کرد پاشماوەکانیان ئاشکرا بکەم؛ ئەوا ئێمە دەڕۆین».

باوکم بە سەرسوڕمانێکەوە کە چاوەکانی گرتبووەوە و لە تەواوی پەلەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە گوتی:

«تۆ چی دەڵێیت؟ -کونتیسە کارنشتاین- سەدەیەکە مردووە»!

دواتر جەنەراڵ ڕوونیکردەوە کە ئەو بەو ئەندازەیەی ئێمە پێمان وایە نەمردووە؛ قسەکەی ناڕوون و پڕ لە ڕق بوو و وادیاربوو دوور بوو لە هەر وڕێنە و بێئاوەزییەك، بەژێر زەنگەکانی کڵێسا گوتییەکەدا تێپەڕیین، ڕوخساری سورهەڵگەڕا و دڕەندەیی لێ نیشت، پاشان دەستی بەرزکردەوە وەك ئەوەی داسێکی بەدەستەوە بێت و گوتی:

«ئەو ماوەیەی لە ژیانمدا ماوە هیچم بەلاوە گرنگ نییە جگە لەوەی تۆڵە بکەمەوە ئەگەر بتوانم؛ بە داسێك سەری دەپەڕێنین، یان بە هەر شتێك کە بتوانێت شەویلگە بکوژەکەی هەڵکەنێت».

هێندە هەڵچووبوو لەشی کەوتە لەرزین، پاشان گوتی:

«ئەو خاتوونە بچووکە ماندوو دیارە، ڕێگای بدە لەسەر ئەو پارچە تەختەیە دابنیشێت، چونکە ئەوە دەکرێت ببێتە کورسی».

لەو ساتەدا جەنەراڵ داربڕەکەی بانگ کرد کە سەرقاڵی کاری خۆی بوو، پرسیاری لێ کرد ئایا هیچ لەبارەی شوێنەواری خێزانی (کارنشتاین) دەزانێت؟ بەڵام ئەو بە نەرێ وەڵامی دایەوە، دیمەنی وادیاربوو جەستەیەکی بەهێزی هەبێت و ئەوەی زیاتر بەوشێوەیە دەریدەخست ئەو داسە بوو کە بەدەستییەوە بوو؛ نەیتوانی هیچ شتێکمان پێبڵێت، بەڵام ڕێنمونیی کردین بۆلای پاسەوانی کۆنی دارستانەکە کە لەدووریی دوو میلەوە نیشتەجێیە و دڵنیای کردینەوە کە ئەو دەتوانێت هەموو شوێنەوارێکمان پێبڵێت لەبارەی شوێنەوارەکانی خێزانە لەناوچووەکەوە و داوایکرد یەکێك لە ئەسپەکانمانی پێبدەین تاکو بڕوات و پاسەوانەکە بهێنێت بۆ ئێرە.

باوکم پرسیاری لە پیاوەکە کرد و سەرسامی تەواوی گیانی گرتبووەوە:

«ماوەیەکی زۆرە تۆ بەرپرسیت لەم دارستانە»؟

داربڕەکە وەڵامی دایەوە:

«من بە درێژایی ژیانم داربڕ بووم، باوکیشم پێشتر بەوشێوەیە بوو، لەوانەیە چەندین نەوە بەوشێوەیە بووبن و دەتوانم خانووی باپیرانمتان نیشان بدەم لە گوندەکەدا».

جەنەراڵ پرسیاری لێ کرد لەبارەی هۆکاری ئەوەی گوندەکە تاکو ئێستا چۆڵە، وەڵامی دایەوە:

«گەورەم ڕۆحەکان هێرشیان کردە سەرمان کە لە گۆڕەکانەوە گەڕابوونەوە، خەڵکی گوندەکە بە شوێن ئەو تارماییانەوە بوون و دەیانکوشتن بە بەکارهێنانی ڕێگا باوەکان وەك سەرپەڕاندن، خنکاندن لەناو ئاو، یان داکوتینی بزمار بە دڵیاندا و بەوهۆیەشەوە زۆریان کوژران؛ گوندەکە بەشێوەیەکی تەواو پاك نەبووەوە تاکو گەورەیەك لە (مۆرافیا)وە هات -باشوری نەمسا- و بیستی چی ڕوودەدات و پێشنیاری ئەوەی بۆ کردین گوندەکە لە ئازاردەرەکانی ڕزگار بکات، ئەو وەك زۆرینەی کەسەکانی دیکەی وڵاتەکەی لێهاتوو بوو. ئەو گەورەیە شەوێکی مانگەشەوی هەڵبژارد و ڕاستەوخۆ دوای خۆرئاوابوون چووە سەر تاوەری کڵێساکە؛ بە خۆڕاگرییەکی زۆرەوە چاودێریی کرد تاکو یەکێك لە خوێنمژەکانی بینی لە گۆڕەکەی هاتەدەرەوە و کفنەکەی لە خۆی داماڵی، پاشان بەرەو گوندە دیاریکراوەکە ڕۆیشت بۆئەوەی هێرش بکاتە سەر دانیشتوانەکەی، گەورەکە بە خێرایی ڕۆیشت پارچە کفنەکەی هێنا و گەڕایەوە بۆ تاوەرەکە، لێرەوە بەرەنگارییەکە دەستیپێکرد؛ کاتێك خوێنمژەکە هاتەوە بۆ کفنەکەی گەڕا و هاوارێکی هێندە دڕندانەی کرد جەستەکانی دەخستە لەرزین، کاتێك گەورە مۆرافییەکەی بینی لەسەر لوتکەی تاوەرەکە و ئەویش بەرەنگاریی دەکرد بۆئەوەی بچێتە سەر تاوەرەکە بۆ وەرگرتنەوەی کفنەکەی و بەرەنگارییەکەی قبوڵکرد. کاتێك خوێنمژەکە گەیشتە سەر لوتکەی تاوەرەکە گەورە بەڕێزەکە شمشێرەکەی لە کێلانی دەرهێنا و

کەللەسەری خوێنمژەکەی کرد بە دوو بەشەوە، پاشان جەستەکەی بردەوە بۆلای خەڵکی گوندەکە و ئەوانیش بزمارێکیان لەسەر دڵی چەقاند و سوتاندیان، بەمشێوەیەش ڕەزامەندیی وەرگرت بۆ لابردنی گۆڕی (میرکالا) -کونتیسە کارنشتاین- ئەویش ئەو کارەی کرد تاکو شوێنی گۆڕەکە لەبیرچووەوە و بووە ڕابردوو و هیچ بوونەوەرێکی زیندوو نییە تا ئێستا کە شوێنەکەی بزانێت، دەوترێت ڕوفاتەکەی دەرهێنراوەتەوە بەڵام کەس وردەکارییەکانی نازانێت»..

کاتێکی زۆر تێپەڕی بەسەر ڕۆیشتنی پیاوەکە لەکاتێکدا ئێمە بەگرنگییەوە گوێمان بۆ پاشماوەی چیرۆکە نامۆکەی جەنەراڵ گرتبوو.

## دیدار

جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) درێژەی بە چیرۆکە سەیرەکەی دا:

«وردە وردە تەندروستیی منداڵەکەم بەرەو داڕمان دەڕۆیشت، لەنێو شکستهێنانی ئەو پزیشکەی سەرپەرشتیی دەکرد لە دۆزینەوەی هۆکارێکی لۆژیکی بۆ نەخۆشییەکەی، کاتێك هەستی بە ترسی من کرد پێشنیاری بەشداریکردنی پزیشکێکی دیکەشی کرد و ڕاوێژی پێ بکات و بە خێرایی یەکێك لە بەناوبانگترین و ڕۆشنبیرترین پزیشکەکانمان بانگ کرد، چەند ڕۆژێك تێپەڕی تاکو ئەو پزیشکە بەتوانایە لە (گرانتس)ەوە گەیشت.

ئەو دوو پیاوە منداڵە داماوەکەمیان پشکنی و چوونە ئەولاوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەك لەبارەی بارودۆخییەوە، بەمشێوەیە دەنگیان بەرزبووەوە، بەشێوەیەك کە جێی سەرسوڕمان بوو، دەنگیان لە پێویستیی گفتوگۆیەك بەرزتر بوو.

لەوە زیاتر توانای بەرگەگرتنم نەبوو، کاتێك لە دەرگامدا و چوومە ژوورەوە بینیم پیاوە بەتەمەنەکەی (گرانتس) سوورە لەسەر بۆچوونەکەی لەکاتێکدا هاوکارە گەنجەکەی بە گاڵتەجاڕییەکی ئاشکراوە ڕەخنە لە وتەکەی دەگرێت و قاقایەکی قورسی لەگەڵ لێدەدات، بەڵام هەر بە چوونەژوورەوەم ئەو دەمەدەمێیەش کۆتاییهات.

بە جۆرێك لە گاڵتەپێکردنەوە پزیشکە گەنجەکە گوتی:

«هاوکارە پیرە ڕۆشنبیرەکەم پێموایە تۆ پێویستت بە جادوگەرێکە نەك بە پزیشك»!

پیرەکە بە تۆنێك کە نارازیبوونی پێوە دیاربوو وەڵامی دایەوە:

«لێم ببورە، لە کاتێکی تردا تێڕوانینی خۆم لەسەر ئەو بچکۆلە داماوە تاقی دەکەمەوە، بەڕێزان ترسم هەیە لەوەی ئەمجارە زانست و لێهاتووییەکەم سوودم پێ نەگەیەنن، بەڵام بەرلەوەی بڕۆم، داواکارم هەلێکم بدەیتێ تا شتێکت بۆ پێشنیار بکەم».

دوای ئەوە حاڵەتێکم بەسەرهات وەك ئەوەی لەناو دەریایەك لە بیرکردنەوەدا ژێرئاو کەوتبم و ئارامم نەمابێت، بەوشێوەیە چوومە دەرەوە بەرەو لای کێڵگەکان، بۆئەوەی هەوایەکی پاك هەڵمژم، بە مێشکێکی دەربەدەر و دڵێکی شکاوەوە کە هەرکەس چاوی پێم بکەوتایە بەزەیی پیامدا دەهاتەوە.

دوای نزیکەی دە خولەکێك؛ پزیشکە پیرەکە هاتەلام و داوای لێبووردنی کرد لەوەی هات بەدوامدا و ڕوونیکردەوە کە ناتوانێت بە ویژدانی ئاسوودەوە بڕوات ئەگەر چەند وشەیەکم پێ نەڵێت.

ئەو گوتی هەرگیز لە هەڵەدا نییە و دڵنیایی پێدام کە هیچ نەخۆشییەك نییە کە ببێتە هۆی ئەو نیشانانە و هەرچۆنێك بێت ئەو منداڵە دەمرێت، مەگەر ئەوەی حاڵەتێکی بکوژی دیکە نەیەتەوە ڕێگای، و ئەگەر ڕووبەڕووی هەر هێرشێکی دیکە ببێتەوە ئەوە بەسە بۆ خامۆشبوونی دوایین تروسکەی ژیان لە جەستەی ئەو منداڵە داماوەدا.

پرسیارم لێ کرد لەبارەی ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات، گوتی:

«لەم یاداشتەدا کە دەیخەمە بەردەستت هەموو شتێکم بۆ شیکردوویتەوە، بەو مەرجەی لەبەردەمی قەشەیەکدا بیخوێنیتەوە، ئەگەرنا گاڵتەت پێی دێت؛ بۆ جاری کۆتایی ئاگادارت دەکەمەوە چونکە ئەوە بابەتی مردن و ژیانە بەڕێزم».

ڕاستەوخۆ دوای ڕۆیشتنی گەڕام بۆ قەشەکە، بەڵام ئەو دیار نەمابوو. لەبەرئەوە بڕیارمدا خۆم یاداشتەکە بخوێنمەوە، بەدڵنیاییەوە دەبووە هۆی گاڵتەپێکردنی ئەگەر لە بارودۆخێکدا بمخوێندایەتەوە کە بەدەستییەوە نەمناڵاندایە، بەڵام چەندە زۆرن ئەوانەی وەك دوایین هیوا ڕێگای جادویان گرتووەتەبەر کاتێك ژیانی خۆشەویستانیان کەوتووەتە بەر مەترسی؟

نامەی پزیشکە ڕۆشنبیرەکە وایدەکرد ببرێتە نەخۆشخانەی شێتەکان، بەوپێیەی نووسیبووی کە منداڵەکەم بە دەست سەردانی دووبارەبووەوەی خوێنمژەکانەوە دەناڵێنێت!

ئەو کونانەی باسی دەکات لەسەر سنگی لەڕاستیدا شوێنی گەستنی دوو کەڵبەی درێژ و تیژە کە خوێنمژەکانی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام نیشانە سوورەکەی دەوروبەری ئەو دوو کونە زانست بە لێوەکانی شەیتان ناساندوویەتی! و هەموو نیشانەکانی ئەو کچە بچکۆلەیە بەتەواوی لەگەڵ ئەو حاڵەتە هاوشێوانە دەگونجێت کە پێشتر بینراون.

من بە سروشتی خۆم گاڵتەم بەم جۆرە بابەتانە دێت، بگرە بەڕەهایی بوونیان ڕەتدەکەمەوە. بەڵام هیچ بژاردەیەکم نەبوو ئەوە نەبێت هەر ڕێنماییەك لەنێو نامەکەدایە جێبەجێی بکەم.

ئەو شەوە لەنێو ژووری جلوبەرگەکاندا خۆم حەشاردا، کە ژوورێکی بچکۆلە بوو تروسکایی مۆمێك ڕووناکی دەکردەوە و بە بێدەنگی چاودێریی کچەکەم کرد تاکو بە قوڵی خەوی لێکەوت، پێشتر شمشێرێکم ئامادەکردبوو بۆ هەر حاڵەتێکی لەناکاو و بـەردەوام بووم لە چاودێریکردن تاکو میلەکانی کاتژمێرەکە یەکی دوای نیوەشەویان تێپەڕاند، کاتێك لاشەیەکی زەبەلاحی ڕەشپۆشم بینی لەبەردەمی سیسەمەکەوە خۆی دەخشاند، پاشان بە هێواشی سەردەکەوت تاکو بگاتە گەرووی منداڵەکەم و ئەوکات دەست بکات بە هەڵاوسان تاکو دەبێتە قەوارەیەکی زیندوو، خوێن لە دەمارەکانمدا وشك بوو و پەلەکانم ڕەق بوون، پاشان بە شمشێرەکەمەوە خۆم هەڵدا بۆ ئەو شەیتانە؛ هەرکە منی بینی چووەوە یەك و دوورکەوتەوە و لێرەدا کارەساتەکە ڕوویدا!

بینیم (میلارکا) لەوێدا وەستاوە، هێماکانی ڕوخساری بێبەری نەبوون لە ترس و شەڕەنگێزی؛ بە شمشێرەکە لێمدا بەڵام بەری نەکەوت و بە جوڵەیەکی خێرا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، هێندە ترسام وەك ئەوەی دڵم کەوتبێتە بەر پێم، جارێکی تر لێمدا و ئەو بۆی دەرچوو. پاشان شمشێرەکەم بەهۆی ئەوەی بەر دەرگاکە کەوت پارچە پارچە بوو.

هەرچەندە هەوڵ بدەم ناتوانم ئەوەی لەو شەوەدا ڕوویدا بۆت باس بکەم، تارمایی (میلارکا) ڕۆیشت، بەڵام قوربانییەکەی گیانی دەدا و وردە وردە شیدەبووەوە تاکو بەرلە خۆرهەڵاتن گیانی سپارد».

جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) زۆر شڵەژابوو و حەزمان نەکرد هەراسانی بکەین و باوکم چوو بۆ خوێندنەوەی ناوی سەر

گۆڕەکان، پاشان سووڕایەوە بەرەو لای دەرگای کڵێساکە؛ بەڵام جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) پشتی دابووەوە بە دیوارێکەوە و چاوەکانی دەسڕی کە پڕبووبوون لە فرمێسك و بە گەرمی ئاهێکی هەڵکێشا، کە بەهۆیەوە دەمانتوانی هەست بە هێزی ئازارەکەی بکەین.

پاش کەمێك، بیستنی دەنگی (کارمێلا)و خاتوو (بیرودون) دڵخۆشیکردم کە هاتن لەنێو ئەو تەنیایی و چیرۆکە نامۆیەوە لەبارەی ئەو مردووانەی پاشماوەکانیان پەیوەستن بە گەردی خۆڵ و لاولاوەکانی دەوروبەرمانەوە، وردە وردە ترس دایدەگرتم کە لەدوای ئەوەی بیستم دوای ئەوەی لە ناوچەیەکی نیشتەجێی سەوزایی چڕ؛ دڵم سپی هەڵگەڕا کاتێك چاوم بڕییە ئەو دیمەنە کە چاوەکانی جەنەراڵ پشکنینیان بۆ بست بە بستی زەوییەکە دەکرد و دەستەکانیشی لەسەر شوێنەوارێکی پڕوکاو بوون، لەبەردەم ئەو دەرگایە وەستابوو کە شەیتانێکی لەسەربوو کە شەیدای دابونەریتی ترسناکی گوتی بوو، لەو ساتەدا ڕوخساری جوانی (کارمێلا) لە ئاسۆوە دەرکەوت و خۆشی سنگمی گرتەوە بە بینینی، بەڵام جەنەراڵ خۆشییەکەمی پچڕاند کاتێك پەلاماری داسی دەستی جوتیارەکەی دا و هێرشی بۆ برد.

هەرکە (کارمێلا) ئـەوی بینی سیمایەکی دڕندانە بەسەر ڕوخساریدا زاڵ بوو، کە هەرکەسێك بیبینیایە لێی دەترسا، لە شڵەژاویی هەڵوێستەکەدا لەوساتەدا نەمدەتوانی هاوار بکەم.

بە هەموو هێزی خۆی پەلاماریدا بەڵام ئەو مەچەکی گرت تاکو داسەکە کەوتە سەر زەوی، پاشان بەبێ هیچ شوێنەوارێك دیارنەما!

جەنەراڵ ڕەتەڵێکی برد و پاڵی دا بە دیوارەکەوە، قژە بە پیریی داپۆشراوەکەی ڕەق بووبوو و ئارەقە ڕوخساری تەڕکردبوو وەك ئەوەی لەسەر لێواری مەرگ بێت.

ئەوەی ڕوویدا لە چەند چرکەیەکی دیاریکراو تێنەپەڕی و هیچم لەیاد نەماوە جگە لە هاواری خاتوو (بیرودون) کە لە هەموو کونج و قوژبنێك بۆ (کارمێلا) دەگەڕا، هەرکە جەنەراڵ ناوەکەی بیست هاواری لێ هەستا و گوتی:

«ئەو هەمان ناوی هەیە (کارمێلا)، هەروەها ئەو (میلارکا) شە؛ کە هەر ئەو ژنەیە کە بە ناوی (میرکالا) ناسرابوو -کونتیسە کارنشتاین- کە بەخێراترین کات لەیەك جیابوونەوە لەم زەوییە نەفرەتییەدا و پێی باشە لە ماڵی قەشە بمێنێتەوە تاکو ئێمە دەچین، بەخێرایی بڕۆن چونکە لەوانەیە جارێکی تر (کارمێلا) نەبیننەوە».

## دادگاییکردن و لەسێدارەدان

کاتێك جەنەراڵ قسەی دەکرد پیاوێکی بە دیمەن نامۆ دەرکـەوت و لەو دەرگایەوە هـاتـەژوورەوە کە (کارمێلا) لێی هاتەژوورەوە، باڵایەکی بەرزی هەبوو و شانی باریك و پۆشاکی ڕەشی لەبەردابوو؛ ڕەنگی ڕوخساری ئەسمەر بوو کە پڕ بوو لە چاڵی قووڵ قووڵ و کڵاوێکی پانوپۆڕی لەسەردا بوو، کە شێوازێکی نامۆی هەبوو و چاویلکەیەکی ئاڵتوونیی لەچاودا بوو؛ هەندێك هەڵسوکەوتی سەرسامیان دەکردم، وەك ئەوەی جارێك سەیری زەویی دەکرد و جارێکیش سەیری ئاسمان.

جەنەراڵ بە سەرسامییەوە هاواری کرد، وادیارە ئەو پێشتر ئەم پیاوە دەناسێت بەوپێیەی خۆشحاڵییەکی ئاشکرای لەسەر دەرکەوت، پاشان بە قۆڵەکانی پیاوەکەی ڕاکێشا و بەشێوەیەکی فەرمی بە باوکمی ناساند و یەکسەر چوونە ناو گفتوگۆیەکی وردەوە.

پیاوە نامۆکە لاپەڕەیەکی لوولکراوی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا و لەسەر ڕووی یەکێك لە گۆڕەکان بڵاویکردەوە، بە پێنووسێکی رەساس کە لەنێو پەنجەکانیدا بوو دەستیکرد بە کێشانی چەند هێڵێك لە هەموو لاکانەوە، لەکۆتاییدا بووە نەخشەی هێڵکاریی ئەو بینایەی ئێستا تیایدا وەستابووین؛ پاش چەند ساتێك بە ڕاڕەوەکەی تەنیشتیدا ڕۆیشتن و بە هەنگاوەکانیان

دوورییەکانیان پێوا و لەکۆتاییشدا بەرامبەر یەکێک لە دیوارە دارماوەکان وەستان و دەستیان کرد بە لابردنی لاولاوەکانی سەری و دەرهێنانی خشتەکان بە گۆچانەکانیان و لێرەدا شتێکی سەرسوڕهێنەر ڕوویدا!

نەخشێکی زەبەلاحمان بینی کە نیشانەیەکی لەسەر بوو وەکو دیاربوو بەشێك بوو لە گۆڕەکەی (میرکالا) -کونتیسە کارنشتاین-.

جەنەراڵ دەستەکانی کۆکردەوە و بەرەو ئاسمان بەرزیکردنەوە، وادیاربوو نوێژ بکات و سوپاسی خودا بکات. کە گوێم لێبوو دەیوت سبەینێ ڕێپێدراوە بەڕێزەکە لێرە دەبێت و بەپێی یاسا سزاکە جێبەجێ دەکرێت؛ پاشان سوڕایەوە بۆلای پیاوە نامۆکە و بەتوندی شانەکانی ڕاوەشاند و گوتی:

«چۆن بتوانم سوپاست بکەم خاوەن شکۆ، تۆ ئەم ناوچەیە لە پەتای سێبەرێك کە بەدوای خەڵکەکەیەوەیە دەپارێزیت بەدرێژایی سەدەیەکی تەواو».

باوکم جەنەراڵ (شبیلزدۆرف) و نامۆکەی برد بەرەو شوێنێکی دوور، کە نەماندەتوانی قسەکانیان ببیستین و بینیم ماوە نا ماوەیەك سەیری منیان دەکرد، بەجۆرێك کە لەڕێی سەیرکردنەکانیانەوە تێگەیشتم چیرۆکی من دەگێڕنەوە، پاشان بڕیارماندا بگەڕێینەوە و قەشە پیاوچاکەکەمان لەگەڵ خۆمان بردەوە کە لەنزیك ئەم ناوچەیە نیشتەجێ بوو.

بەڕاستی دڵم ئاسوودە بوو بەوەی دەگەڕێینەوە بۆ قەڵاکە، بەڵام دڵخۆشییەکەم گۆڕدرا بۆ ترس کاتێك بینیم (کارمێلا) لەوێ نییە!

دوای ئەوەی چاوەکانم لە کڵێسا داڕوخاوەکە بینیی لێی

تێنەدەگەیشتم و بڕوام وابوو ئەوە نهێنییەکە کە باوکم دەیەوێت من پەی پێ نەبەم، بەڵام لەبەرچاو ونبوونەکەی وایکرد دیمەنەکە لەیادەوەریمدا ناخۆشتر بێت.

ئەو شەوە لەوانیتر جیاواز بوو، بەجۆرێك دوو خزمەتکار لەتەنیشتمەوە خەوتن، سەرەڕای خاتوو (بیرودون) لەکاتێکدا باوکم و قەشەکە لە ژووری جلوبەرگەکان بوون کە بە ژوورەکەی منەوە نووساوە، لەوکاتەدا قەشەکە چەند سروتێکی دیاریکراوی دەستپێکرد کە لە ناوەڕۆکەکەی تێنەدەگەیشتم، بەڵام پێشتر زانیم کە ئەوە تەنها بۆ پارێزگاریکردنە لە من و هیچی تر.

پاش چەند ڕۆژێك لە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرم ڕوویاندا تێگەیشتم و ئەو شەوە بە دیارنەمانی (کارمێلا) ناڕەحەتییەکانم کۆتاییان هات.

بەدڵنیاییەوە چیرۆکی ئەفسانەیی تایبەت بە خوێنمژەکانتان زۆر بیستووە لە (ستیریا) و (مورافیا). بگرە تەنانەت لە (ڕوسیا)، دەمەوێت ئێستا پێتان بڵێم کە ئەوانە بێبەرین لەوەی ئەفسانە بن و ئەگەر تەواوی شایەتیدانەکانی خەڵکی زۆر بەوردی و دەستپاکی لەبەردەم بەتواناترین لیژنەکاندا کۆبکرێنەوە ئەوا زۆر قورس دەبێت بەڵگەی نەبوونی ئەوانەی ناسراون بە (خوێنمژەکان) بهێننەوە.

لە ڕۆژی دواتردا سروتە فەرمییەکان لە کڵێسای (کارنشتاین) بەڕێوەچوون و گۆڕی کونتیسە (میلارکا) هەڵدرایەوە و توانیان ئەو ڕوخسارە جوانەی دڵەکانی کۆت دەکرد جیابکەینەوە و بیناسینەوە؛ سەد و پەنجا ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر مردنیدا، بەڵام

هێشتا ڕوخساری گەرمیی ژیانی هەڵگرتبوو، بە دوو چاوی کراوە و بۆنێك کە ئاماژە نەبوو بۆئەوەی تەنها تەرمێك بێت.

دوو پزیشك هەستان بە پشکنینی جەستەکە تاکو ئەو ڕاستییە سەرسوڕهێنەرە ئاشکرا بکەن لێدانێکی نزمی هەیە کە دەتوانرێت هەستی پێبکرێت، تەرمەکە پەلەکانی نەرم بوون و لەکاتی دەستلێدانیدا تەڕیی تێدابوو، لەکاتێکدا تابووتەکەی پڕبووبوو لە خوێن! بەمشێوەیەش هەموو بەڵگەکانی مژینی خوێن لەلایەن مردووەکانەوە کۆتاییان پێ هات.

دوای ئەوە بەپێی ڕەفتارە دێرینەکان جەستەکە هێنرایە دەرەوە و بزمارێك لەسەر دڵی (میلارکا) چەقێنرا کە وایکرد هاوارێکی هێندە توند بکات کە گوێیەکانی کون دەکرد و دڵەکانی دەگوشی، وەك ئەوەی هاواری زیندوویەك بێت لەکاتی گیانکێشاندا، پاشان سەری بڕدرا و خوێن لە شوێنی برینەکەوە دەرپەڕی وەك ڕووبارێك ڕۆیشت کە لە کانییەکی بێکۆتاییەوە سەرچاوەی گرتبێت؛ لەکۆتاییشدا خستیانە سەر کۆمەڵێك داری کۆکراوە و ئاگری تێبەردرا و خۆڵەکەی خرایە نێو دەریاکەوە.

لەوکاتەوە سەردانیکردنی هیچ خوێنمژێکمان نەبینییەوە و هێشتاش باوکم وێنەیەك لەو بڕیارە شاهانەیەی لەلا ماوە کە واژۆی هەموو ئەو کەسانەی تێدایە کە ڕووداوەکەیان بینیوە و منیش وەك خۆم پشتم بە کاغەزەکە بەست بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە.

## کۆتایی

ئـەوەی پێشتر نووسیم بـەدەر نەبوو لە ترس و نەخۆشی، هێشتاش نەهاتوومەتەوە سەر خۆم، چونکە ئەو ڕووداوە بە درێژایی چەندین مانگ دەروونمی شێواند و دەبێتە یادەوەرییەك کە شەو و ڕۆژەکانم ترسناك دەکات و بە درێژایی چەندین ساڵ تەنیاییم پڕدەکات لە ترس. ئێستا باسی خاوەنشکۆ (فوردنبورگ) تان بۆ دەکەم کە توانیی گۆڕی (میرکالا) بدۆزێتەوە کە وایکرد تاکو مردن قەرزداری بین. ئەو بە داهاتێکەوە لە (گراتس) دەژیا کە لە خێزانە دەوڵەمەندەکەیەوە بۆی مابووەوە، خۆی تەرخان کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتی مژینی خوێنی متمانەپێکراو، بەجۆرێك کە هەموو سەرچاوە گرنگەکانی هەبوو کە جگە لە هەندێك ناونیشانی دیاریکراو کە وەرمدەگرتن بۆ باوکم ئەوانیترم لەیاد نەماوە، ئەو پیاوە شکۆمەندە هەموو ئەو حاڵەتانەی خوێندبوو کە تیایدا سزای لەسێدارەدان بۆ خوێنمژەکان دەرچووبوو. ئەو ڕەنگە پەڕیوەی دەدرێتە پاڵ خوێنمژەکان زیاتر خەیاڵێکی شانۆگەرییانەیە، چونکە ئەوان تەندروستییان باشە و کاتێك تابوتەکانیان دەبینیت هەموو ئەو نیشانانەت بۆ دەردەکەون کە لەناو گۆڕی «کونتیسە» دۆزیمانەوە؛ بەڵام لەبارەی هاتنەدەرەوەیان لە گۆڕەکانیانەوە بەبێ ئەوەی خۆڵەکەی تێکبچێت ئەوە بابەتێکە شیکردنەوەی مەحاڵە.

سروشتی دوانیی خوێنمژ وادەکان بەدرێژایی خۆرهەڵاتن لەناو گۆڕەکەیدا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا برسێتییە ترسناکەکەی بۆ خوێن وادەکات لە خەوەکەی ڕابچڵەکێت، هەروەك خوێنمژەکان بەپێی یاسایەکی شەیتانیی توند زیاد دەکەن کە لێدانێکی زۆر بەئازاریان پێدەبەخشێت، کە دەستیان هاوشێوەی تەڵەیەکی بەهێزە بۆ نێچیرەکانیان و بەمەش زۆر زەحمەتە خۆیانی لێ دەرباز بکەن.

هەندێجار ئارەزوویەکی بەهێز زاڵ دەبێت بەسەریاندا هاوشێوەی ئـارەزووی خۆشەویستی، پەیوەست دەبێت بە کەسانێکی دیاریکراوەوە و لە گەڕان بەدوای ئەوانەدا پشت بە ئارامگرییەك دەبەستن کە کۆتایی نایەت و نەخشەکێشانێکی ورد کە وازناهێنێت و ناوەستێت تاکو بە ئامانجەکەی دەگات کە ئەویش مژینی ژیانە لە قوربانییە خواستراوەکەی.

بەڵام من حاڵەتێکی تایبەتمەند بووم، (میرکالا) بە مەبەست ناوێکی بۆخۆی هەڵبژارد کە لە پیتەکانی ناوە سەرەکییەکەی پێکهاتبێت بێ کەم و زیادکردن کە هـەردوو ناوەکەی ئەو مەبەستەیان پێکا.

شکۆمەند (فوردنبۆرگ) دوای کوژرانی (کارمێلا) بۆ ماوەی دوو یان سێ هەفتە لە قەڵاکەماندا مایەوە، کە بەوهۆیەوە باوکم کاتی هەبوو چیرۆکی پیاوە مۆرافییەکە و خوێنمژی ناو کڵێساکەی (کارنشتاین)ی بۆ بگێڕێتەوە، پاشان پرسیاری لێ کرد لەبارەی ئەو ڕێگایەی بەهۆیەوە گۆڕە شاردراوەکەی «کونتیسە»ی دۆزییەوە لە پێش سەدە و نیوێکەوە.

زەردەخەنەیەکی ئاڵۆز باڵی کێشا بەسەر ڕوخساری پیاوەکەدا و سەیری خـوارەوەی کرد و خۆی بە بەرگی چاویلکەکەیەوە سەرقاڵ کرد و پاشان گوتی:

«کتێبی زۆرم هەیە کە ئەو پیاوە خانەدانە تیایدا باسی سەردانەکانی دەکات بۆلای «کارنشتاین» کە وەك دەوترێت ئەو لە خانەدانەکانی «مۆرافیا»یە، لەبەرئەوەی لەوێ ژیاوە. بەڵام بنەچەکەی (ستیریا)یە، ئەو لە گەنجێتییدا خۆشەویستی دڵخوازی کونتیسە (میرکالا)ی جوان بووە کە بووە هۆی مردنێکی خەفەتاوی کە باس ناکرێت، هەریەك لەوانەی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا خۆیان کوشت بوونە خوێنمژ کە لەکاتی خەودا سەردانی خەڵکییان دەکرد و بەوشێوەیەش دەگۆڕان بۆ خوێنمژێك لەناو گۆڕدا و ئەوەش بەسەر (میرکالا) هات کە یەکێك لەو شەیتانانە دەستی گرت بەسەریدا و باووباپیرانی من ئەوەیان بە لێکۆڵینەوەیەکی زەحمەت ئاشکرا کرد و لە چوارچێوەی ئەوەدا کە ئاشکرایان کرد ئەوە بوو تۆمەتی مژینی خوێن زوو بێت یان درەنگ بە ئاراستەی «کونتیسە» دەڕوات کە کوڕەکە شێتانە خۆشیدەویست و تووشی پەشۆکانی کردبوو لەوەی جەستەکەی بێڕێزیی پێ بکرێت بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لەدوای مردن، هەربۆیە ئەوەی هەڵبژارد کە خۆشەویستەکەی لەوە ڕزگار بکات، هەربۆیە گەشتێکی کرد و وای دەرخست کە پاشاوەکانی فڕێداوە و گۆڕەکەی داخستووە، بەڵام کاتێك چووە تەمەنەوە قێزەونیی کارەکەی بۆ دەرکەوت و ئەو نیشانانەی کێشا کە یارمەتیی منیاندا بۆ دۆزینەوەی گۆڕەکەی».

لە بەهاری دواتردا گەشتی کرد بۆ ئیتاڵیا و ئێمەش نزیکەی یەك ساڵی تەواو لێرە ماینەوە، کاتێکی زۆرمـان پێچوو تاکو یادەوەرییەکانی ئەو ڕووداوە لێمان دوورکەوتنەوە، بەڵام هێشتا (کارمێلا) ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو یادەوەریم بە چەند شێوەیەك کە سەختە بۆم ڕوونیان بکەمەوە، بەشێوەیەك هەندێجار دەیبینیم کچێکە و یاری دەکات و هەندێجاریش دێوێکی دڕندەیە، یان شێوەی دێتە بەرچاوم و گوێم لە دەنگی هەنگاوە نەرمەکانییەتی لەلای دەرگای ژووری دانیشتنەکەوە.

شریدان لوفانو

١٨٧٢




**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link